المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:73-95
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# چاكسازيی ئابوريی و روبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوريی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا ( 2014 –2017): ئالنگارييەكان و ئاسۆكان

كامران احمد حمه[1]، نیاز نەجمەدین نوری[2]
بەشي ئابوريی، كۆلێژی كارگێڕی و ئابووريی، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق[1،2]
kamaran2002iq@yahoo.com[1], nyaz.noori@univsul.edu.iq[2]

**الملخص:**

تلقي هذه الدراسة الضوء على أسباب الأزمة الاقتصادية في إقليم كردستان العراق خلال (2014-2018). أبتداءً، يستكشف أدوار الأفكار الاقتصادية والسياسات الاقتصادية والاختلالات الهيكلية في خلق الأزمة المالية و الركود الاقتصادي. ثانياً ، تتركز على تجربة إقليم كوردستان و منها يولي اهتماما خاصا للسياسات الاقتصادية لحكومة إقليم كردستان المساهمة في تعميق الأزمة الأخيرة. تركز الدراسة أيضًا تجارب البلدان النامية و على البرامج التي اقترحها صندوق النقد الدولي والبنك الدولي للإصلاح الاقتصادي مقترحة للبلدان النامية بحيث قد لا تتناسب هذه البرامج مع الظروف الاقتصادية في إقليم كردستان. يكرس القسم الأخير عرض برامج بديلة للإصلاح الاقتصادي في الاقليم. تدعم الدراسة التحليل باستخدام البيانات الرسمية وتحليل النظري لدعم اهم اقتراحاتها و استنتاجاتها.

***پوختە:***

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی قەیرانی ئابوريی لە هەرێمی كوردستاندا لە ماوەی (2014-2018)دا. یەکەم، کاریگەریی ئایدیای ئابوريی، سیاسەتی ئابوريی و لاسەنگییەکانی ئابوريی لە دروستکردنی دارایی و بازاڕکزیی ئابورییدا دەخاتەڕوو. دووەم لە ئەزمونی هەرێمی کوردستان، لەناویشیدا لە سیاسەتە ئابوربیەکانی حکومەتی هەرێم ورد دەبێتەوە و بەشدارییان لە قوڵکردنەوەی قەیرانەکەدا رون دەکاتەوە. باسەکە سەرنجیش دەداتە سەر ئەزمونی وڵاتانی نەوتیی و بەرنامەکانی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی کە بۆ چاکسازیی ئابوريی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا پێشنیار کراون و رونیدەکاتەوە کە لەکوێدا ئەو پرۆگرامانە رەنگە لەگەڵ دۆخی ئابوريی هەرێم نەگونجێن. لە دوا بەشی توێژینەوەکەشدا بەرنامەی چاکسازیی ئابوريی ئاڵتەرناتیف کە بگونجێت بۆ هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو. توێژینەوەکە پشت بە داتای فەرمیی و شیکاریی وەسفیی دەبەستێت بۆ پشتیوانیی دەرئەنجام و پێشنیارەکانی.

***Abstract:***

This study sheds light on the causes of economic crisis in the Kurdistan Region of Iraq during (2014-2018). First, it explores the roles of economic ideas, economic policies, and structural imbalances in creating the financial crisis and recession. Second, it focuses on the Kurdistan Region's case, with paying a particular attention to the economic policies of KRG in deepening the recent crisis. The study also focuses on oil-rich countries and the programs proposed by IMF and the World Bank for economic reform in the developing countries, explaining where these programs may not fit the economic conditions in the Kurdistan Region. The last section devotes to show alternative programs for economic reform in the Region. The study supports the analysis by using formal data and descriptive explanations.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

## پێشەکی:

وەک چۆن جەستە نەخۆش دەکەوێت، هەروەها ئابورییەکانیش. تەواوی دەوڵەتانی جیهان روبەڕوی قەیرانی دارایی و ئابوریی دەبنەوە.وەک چۆن تا ئێستا هۆکار و چارەسەری زۆر نەخۆشیی نەدۆزراونەتەوە، یان لەنێوان پزیشکاندا ڕێکنەکەوتن لەسەر شێوازی چارەسەرکردنیان دەبینرێت، هەروەهاش زانستی ئابوریی نەگەیشتوتە ئەو ئاستەی تەواوی نهێنییەکانی قەیرانە ئابورییەکان بدۆزێتەوە و رێکەوتنێکی گشتگیریش لەسەر چارەسەرکردنی لەنێوان ئابوریناساندا نییە. جگە لەمەش، لە هەر وڵات و سەردەمێکدا قەیران بە شێوازی جیاواز دەردەکەوێت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەگەر لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا قەیرانی ئابوریی روبدات، ئەوا سەیر نییە لە ناوچەیەکی بچوکی وەک هەرێمی کوردستان کە لە روی جوگرافیای سیاسییەوە ئاڵۆزە، قەیرانی ئابوریی روبدات. سەرەتای قوڵبونەوەی قەیرانەکەی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوای برینی بەشە بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق لە 2014دا و سەرهەڵدانی جەنگ دژ بە تیرۆرستانی داعش، هەرچەندە بەر لەو بەرواره بودجەی حکومەتی هەرێم توشی کورتهێنان هاتبوو لە ئەنجامی زۆریی خەرجییە گشتییەکان و کەمیی دەسهاتی گشتیی(الایرادات العامه) و ئابوریی هەرێمی کوردستانیش توشی چەندان لاسەنگیی تر بوو بوو، وەک زۆری هاوردە و کەمیی هەناردە. ئەو قەیرانەی لە ساڵی 2014ەوە سەری هەڵداوە بۆ چەندین ساڵ کاریگەریی جێدەهێڵێت. بۆ نمونە، دروستکردنەوەی متمانە بە ئابوریی هەرێم ئاسان نابێت، بۆیە بەکاربەران و وەبەرهێنان کەمتر ئامادە دەبن وەک پێشتر پارە خەرج بکەن. بەم هۆیەوە، قەیرانەکە درێژە دەکێشێت،یان گەشەیەکی خاوی ئابوریی لەگەڵ بەرزبونەوەی رێژەی بێکاریی هەست پێدەکرێت.

ئەگەر روبەڕوبونەوەی قەیران بۆ وڵاتێک دەوڵەتی هەبێت، واتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی دانپێدانراو بێت، سەخت بێت، ئەوا بۆ ناوچەیەکی وەک هەرێمی کوردستان کە دەوڵەتی نییە و لەگەڵ عێراقیشدا ناکۆکە، سەختترە. لەگەڵ ئەمەشدا، بڕیاربەدەستتانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم پشکێکیان لە بەرپرسیارێتی بەردەکەوێت و کەم تا زۆریش توانایان هەیە سارێژی بکەن.

ئە**وگرفتەی توێژینەوەکە** بۆی تەرخانە بریتییە لە دیاریکردنی هۆکارەکانی قەیرانی ئابوریی لە ماوەی (2014-2017) و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم لە پەیوەندییدا بە قوڵکردنەوەی قەیرانەکە.

**گرنگیی توێژینەوەکە** لەوەدایە کە پلانێکی ورد و چڕ بۆ روبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوریی (بەرزبونەوەی رێژەی بێکاریی، بێبازاڕیی، زۆری هاوردە، کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت لە هەناردەدا) دەخاتەڕوو. هەروەها پلانێک بۆ بژاوتی ئابوریی هەرێم لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا دەخاتەبەرچاو.

لەم پرسیارانەوە، **ئامانجەکانی** ئەم باسە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

1- دیاریکردنی هۆکارەکانی قەیرانەکە،

2- هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئابوریی حکومەتی هەرێم.

3- شرۆڤەکردنی توانای جێبەجێکردنی بەرنامەی سندوقی نەختی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتیی بۆ چاکسازیی ئابوریی لە هەرێمی کوردستاندا. هاوکات، دەرخستنی ئەو خاڵانەی کە دەکرێت بەرنامەی ناوبراو سودیان لێ ببینرێت.

لێرەوە **چەند پرسیارێک دەچنە سەنتەری ئەم توێژینەوەوە:**

1-هۆکارەکانی ئەو قەیرانە ئابورییەی لە (2014)ەوە دەستی پێکردووە، چین؟

2- چاکسازیی ئابوریی چی رۆڵێکی هەیە لە روبەڕوبونەوەی و کەمکردنەوەی توندیی قەیرانەکە لە ئێستا و ئایندەدا؟

3-لە چییدا و لە کوێوە چاکسازیی دەستپێبکرێت؟

**بۆ ئەمەش، توێژینەوەکە پشت بەم گریمانانە دەبەستێت:**

أ-سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم، بەتایبەت لە بواری دارایی و نەوتدا، هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکەن.

ب-بە زۆر هۆکار، لەوانە نەبونی دەزگای مشورخۆر و پاراستنی مافی خاوەندارێتیی، پرۆگرامەکانی سندوقی نەختی نێودەوڵەتیی لە زۆر بواردا (وەک پرۆسەی بەتایبەتکردن) لەگەڵ دۆخی هەرێمی کوردستان ناگونجێن. کەمکردنەوەیرۆڵی حکومەت لە هەندێک کەرتی ئابوریی و بەکارهێنانی داهاتی نەوت بۆ وەبەرهێنان بەتایبەت لە ژێرخانی ئابوریدا و ئاراستەکردنی سیاسەتی دارایی بەشێوەیەکی گونجاو گرەنتی خۆپاراستن لە دوبارەبونەوەی قەیرانی قوڵ و توند دەکات.لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەفیی شیکاریی بەکاربراوە بە پاڵپشتیی داتا و ئاماری فەرمیی بەمەبەستی گەیشتن بە چەند دەرئەنجامێکی زانستیی و لەم رێیەشەوە خستنەڕوی چەند پێشنیارێک. توێژینەوەکە سێ جۆر بەڵگە لەسەر شیکارییەکان دەخاتەڕوو. یەکەمیان داتا و زانیارییە لەسەر وەرچەرخانی بونیادیی کە بریتییە لە لاسەنگییەکانی ئابوریی و لاوازیی توانای خۆگونجاندنەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئابوریدا دێن کە دەشێت بەشێکیان لە ئابوریی جیهانەوە روبکەنە ناوخۆ. دووەم، رۆڵی حزب و سیاسەتی ئابوریی حکومەت و بەفیڕۆدانی سەرچاوەکان لە قەیران و گەشەی ئابوریدا. سێیەمیان بون و نەبونی دەوڵەت و توانای هەرێمی

کوردستانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا لە ڕووبەڕووبونەوەی قەیران و سەرخستنی گەشەیئابورییدا. سەرباری هەرێمی کوردستان، ئەزمونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، بەتایبەت وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت، بە عێراقیشەوە، خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و باسەکانی پێ دەوڵەمەندکراوە.

توێژینەوەکە پێکدێت لە سێ بەشی سەرەکی. بەشییەکەم تەرخانە بۆ باسی (قەیرانی ئابوریی و چاکسازیی) لە ڕوی تیۆرییەوە و پشتبەستوو بە ئەزمونی وڵاتان. هەر لەم بەشەدا بەرنامەکانی چاکسازیی ئابوریی دەخرێنەڕوو. بەشی دووەم لە قەیرانی ئابوریی و چاکسازیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکۆڵێتەوە. لەبەشی سێیەمدا (بەرنامەی چاکسازیی ئابوریی و چارەسەری قەیرانی ئابوریی هەرێم) باسدەکرێت. توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێک و پێشنیارێک کۆتایی دێت.

## بەشی یەکەم

## قەیران و چاکسازیی ئابوریی: تیۆریی و ئەزمونی وڵاتان

تێگەیشتنی زانستیی لە قەیرانی ئابوریی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە و نۆزدە. لە سەدەی بیستدا تیۆریی نوێ بۆ تێگەیشتن لێی گەشەی پێدرا، بەتایبەت لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا. سەرباری جیاوازیی، زۆربەی ئابوریناسان پێداگریی لە دوو هۆکاری سەرەکیی بۆ قەیران دەکەن. یەکەمیان بریتییە لە بونیادی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی (واتە چینەکان و نایەکسانیی و وەرچەخانی ئابوریی) و دووەمیان بریتییە لە ڕۆڵی ئایدیاکان، چونکە ئەوە ئایدیاکانن سیاسەتی ئابوریی دەستنیشان دەکەن. لەم بەشەدا سەرەتا چەمکی گەشەی و قەیرانی ئابوریی ڕوندەکەینەوە، پاشان دەگەڕێینەوە بۆ باسی هۆکارەکان.

### 1- چەمک و پێناسەی گەشە و قەیرانی ئابوریی:

گەشەی ئابوریی بریتییە لە گەشەی کۆی بەرهەمی ناوخۆ ( GDP)کە بە دراوێک پێوانە دەکرێت و زۆربەی کات دۆلاری ئەمریکییە تا بەراوردی پێبکرێت لە نێوان وڵاتاندا. کۆی بەرهەمی ناوخۆش بریتییە لە بەهای کاڵای کۆتایی (واتە نرخی کاڵاکان لێکدانی بڕی کاڵاکان) کە لە لایەن دانیشتوانی وڵاتەکەوە بەشێوەیەکییاسایی بەرهەمهاتبێت لە ماوەی ساڵێکدا، گرنگ نییە ئەو دانیشتوانە هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتەکەیان بیانیی بن. کاتێک کۆی بەرهەمی ناوخۆ دابەشی سەر دانیشتوان دەکرێت، تێکڕای داهاتی تاکەکەسیش دەستدەکەوێت کە پێوەرێکی ترە بۆ ئاستی گوزەران و بەراوردکردنی بە رابردوو یان وڵاتێکی تر. پێوەری کۆی بەرهەمی ناوخۆ دوو جۆری هەیە. یەکێکیان روکەشییە (Nominal)، ئەویتریان ڕاستەقینەیە ( Real). سەرباری کەموکورییەکانی (لەوانە پیسبونی ژینگە لە ئەنجامی گەشە ناپێوێت)، ئەوەی دووەمیان بۆ پێوانەی گەشەی ئابوریی بە کەڵکە، چونکە نرخ جێگیر دەکات و لەوە ورد دەبێتە کە بەرهەم چەند زیادی کردووە (AMADEO، KIMBERLY، THE BALANCE، APRIL 22، 2019). بۆ نمونە، ئەگەر نرخی نەوت بەرزببێتەوە، ئەوا بە گەشەیەکی ڕاستەقینە دانانرێت، بەڵکو ئەو گەشەیەی بە هۆی زیادبونی بەرهەمهێنانەوە ڕوبدات گرنگە. گەشەی ڕاستەقینەی ئابوریی کاتێک مایەی دڵخۆشییە کە ژینگەپیسکەر نەبێت، بە هەمئاهەنگیی زیاد لە کەرتێکی ئابوریی بێت تا سەقامگیریی داهات دروست بکات و بەرهەمەکەشی دادپەروەرانە دابەشبکرێت. ئەو کاتەش ئومێدی ئەوە هەیە کە گەشەی درێژخایەن ڕووبدات و بگاتە ئاستی گەشەسەندن، واتە کوالتی ژیانی تاکەکان باش بکات، کارامەیی هێزی کار گەشە بکات و وەرچەرخانی بونیادیی بەشێوەیەکی هاوسەنگ ڕوبدات. دیسانەوە گەشەیەک تەنیا لە ڕێی سامانێکی سروشتیی وەک نەوتەوە بێت ڕەنگە نەتوانێت ئەم خەسڵەتانەی هەبێت. دواتر ئەم خاڵانە ڕونتر دەکرێنەوە. هەرچی قەیرانی ئابورییە، ئەوا بریتیە لە بارودۆخێک کە ئابوریی وڵات توشی شۆک(الێدمە) دەبێت و تێکچون لە سیستمی ئابوریی گشتی ئەو وڵاتەدا دروستدەکات. وردتر، قەیرانی ئابوریی بریتییە لە پوکانەوەیەکی لەناکاوی ئابوریی وڵات، کە بەگشتیی لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێت. یەکەمیان بریتییە لە هەڵئاوسان، واتە بەرزبونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان. ئەمەش پلە بە پلەیە و توندترینیان ناسراوە بە توندە-هەڵئاوسان( hyperinflation). دووەمیان بریتییە لە دابەزینی خێرا و بەردەوامی ئاستی گشتیی نرخەکان و بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاریی. ئەمەش دوو ئاستی هەیە، کە بریتیین لە داکشانی نرخ یان بازاڕکزیی (الركود)، کە بۆی هەیە بگات بە بێبازاڕیی(الكساد). لە هەردوو حاڵەتەکە ئاستی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ( GDP) دادەبەزێت(MBN، 2019). دەکرێت هەڵئاوسانی ڕکودیش ڕوبدات، واتە لەیەک کاتدا نرخ بەرزببێتەوە و ڕێژەی بێکارییش زیادبکات.دەبێت ئەوە بڵێین کە مەرج نییە هەموو ئابورییەک بگات بە ئاستی توندە-هەڵئاوسانیان بێبازاڕیی. قەیرانی بێبازاڕیی گەورە (1929-1933) تا ئەمڕۆ توشی وڵاتانی پێشکەوتوو نەبووەتەوە. بەڵام بازاڕکزیی و هەڵئاوسان لە پێشکەوتوترین وڵاتانی جیهانیش ڕوویانداوە. گەیشتن بە قەیرانی مەترسیدار و قوڵ (مەبەستمان توندە-هەڵئاوسان و بێبازاڕییە) لەسەر سێ بنەما وەستاوە. یەکەم، بونیادی ئابوریی لەو وڵاتەدا چیە و چۆنە، بۆ نمونە ئابورییەکەی هەمەڕەنگە لە داهاتدا یان لەیەک سەرچاوەوە داهات دەستدەکەوێت؟ دووەم، هەتا چەندێک میکانیزم و سیاسەتەکانیبەڕێوەبردنی ئابوریی گەشەیان کردووە؟ سێیەم، هەتا چەند بە ڕێکوپێکی ئەو سیاسەتانە بەکاردەهێنرێن. لە بەشی پراکتیکییدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵانە. بەگشتیی، قەیرانی ئابوریی لە هەرێمی کوردستاندا دەگات بە پلەیەکی بەرز و کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:73-95
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**2-هۆکارەکانی قەیرانی ئابوریی:**

یەکێک لە گرنگترین پرسەکان لە زانستی ئابورییدا بریتیە لە کەڵەکەکردنی سامان و پەیوەندیی بە گەشەی ئابوریی و قەیرانی ئابورییەوە. لە شیکاریی ئەم دیاردەیەدا، ئابورییناسان رای جیاوازیان هەیە.

لەلای ئادەم سمیس، کەڵەکەکردنی سامانی نەتەوەکان سەرچاوەی گەشەی ئابوریی و فاکتەری خۆپاراستنە لە قەیران. ئەمەش لەرێی بازرگانیی ئازادەوە دەکرێت، کە پێویستی بەوە هەیە بەرژەوەندیی تایبەتیی ئازاد بکرێت. واتە رێگا بە تاکەکان بدرێت دوای بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان بکەون. لەلای کارل مارکس، قەیرانی ئابوریی پەیوەندیی بەشێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە هەیە. ئەم سیستمە کۆمەڵگەی دابەشی سەر دوو چین کردووە،یەکێکیان خاوەن سەرمایە و ئەویتریان خاوەنی هێزی کار. قازانج لەلای خاوەن سەرمایە کەڵەکە دەبێت، چینێک دەوڵەمەند و چینێک هەژار دەبن. بۆیە بەرژەوەندیی تایبەتیی هیچی تر نییە جگە لە بەرژەوەندیی سەرمایەدارەکان. سیستمی سەرمایەداریی بەهۆی کێشەی چینایەتییەوە هەرگیز لە قەیران رزگاری نابێت، رێژەی قازانج کەم دەبێتەوە و لە دەستی کەمینەدا کەڵەکەدەبێت، نەک لەسەر ئاستی نەتەوە(Galbraith، 1998،57).

پێچەوانەی مارکس، ئابورییناسانی کلاسیک و لیبرالیزم و نیۆ-لیبرالیزم رایان وایە کە لە هەر کوێیەک ئابوری توشی قەیران بوو، ئەوا دەستی حکومەتی تیادایە. میلتن فریدمان و رۆز فریدمان لە ناسراوترین ئابورییناسانی سەر بەم قوتابخانەیەن. تیۆرییەکانی ئەوان پشتیوانیی بازاڕی ئازاد و بەرژەوەندیی تایبەت دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەبێت حکومەت رۆڵی پاسەوانی سەر سنورەکان ببینێت، ئاسایشی ناوخۆ دابین بکات و یارمەتیی ئەو کەسانەش بدات خاوەن پێداویستی تایبەتن (وەک کەمئەندامان). فریدمان بەرگریی لە ئازادکردنی نرخ دەکات و رای وایە نرخ بە ئۆتۆماتیکیی چارسەری قەیران دەکات و خواست و خستنەڕوو بەیەکتر دەگەیەنێت. هەر لەم پرۆسەیەشدا خۆی داهات لە بەرژەوەندیی چینە هەژارەکان دابەش دەکاتەوە و ئاستی کرێ بەرزدەکاتەوە. حکومەت کێشەی قەرزارییش دروستدەکات چونکە خەرجییەکی لە رادەبەدەری دەوێت بەناوی دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە لە کاتێکدا هەرگیز لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو نابێت(Friedman and Friedman، 1990، 65-67). فریدمان و رۆز لێرەدا رەخنەی ئەو ئایدیایانە دەگرن کە پشتیوانیی دەستوەردانی حکومەت لە ئابوریی دەکەن.

ئابورییناس جۆن کینیت گالبریەت ( John Kenneth Galbraith)سەرنجی لەسەر ئەوەیە ئایدیاکان هانی تاکەکان دەدەن بۆ نمونە دەوڵەمەندیی بکەن بە ئامانجیان. ئەو رای وایەیەکێک لەو ئایدیایانەی قەیرانی ساڵەکانی 1920ی لە رۆژئاوا دروستکرد بریتیی بوو لەوەی مرۆڤ دەتوانێت بەبێ ماندوبونی زۆر دەوڵەمەند ببێت. ئیتر تاکەکان دەبن بە مەسرەفکەر و بەکاربردن و وەبەرهێنان روو لە کەرتی وەکو خانوبەرە دەکات. ئەم پێشبینییە سەرەتا گەشبینانەیە بەڵام دواتر دەپەرێتەوە بۆ رەشبینیی (Galbraith، 1975، 148-149). لای گالبریەت، قەیران تەنیا بریاربەدەستان لێی بەرپرس نین، بەڵکو بریارێکی دەستەجەمعی ژمارەیەکی زۆرە لە تاکەکان. لەو سەردەمەدا (1929-1933)، بانکەکان تەواو بەیەکەوە گرێدرابون. هەڵەی سیاسەتی وەبەرهێنان لەلایەن بانکەکانەوە وایکرد بەشێکی زۆر لە بانکەکان مایەپوچ ببن، نەیانتوانی ئەو قەرزانەی بە وەبەرهێنەرانیان داوە، وەریبگرنەوە. لەگەڵ کەوتنی بانکێکیان، پاشەکەوتکەران پتر نادڵنیا دەبوون، بە پەلە رویان لە بانکەکان دەکرد بۆ ئەوەی پارەکانیان رابکێشنەوە. ئەمە وایکرد بانکەکانیەک لە دوایەکتر مایەپوچ ببن و قەیرانەکە قوڵتر ببێتەوە. لە لایەکەوە، بانکی فیدراڵ هیچ پەرچەکردارێکی ئەرێنیی نەبوو. لەلایەکەی ترەوە، سیاسەتی داراییش بە هەڵە بەکارهێنرا. حکومەت خەرجیی کەمکردەوە و رێژەی باجی بەرزکردەوە تا هەڵئاوسان رونەدات. لە ئاکامدا، دارمانی نرخ رویدا، بەدوایدا بێبازاڕیی کەوتەوە. لای گالبریەت خراپی دابەشکردنی داهات و نایەکسانیی هۆکاری دیکەی قوڵبونەوەی قەیرانەکە بون. کێشەی نایەکسانیی ئەوەیە کەمینەیەک پارەیان لەلا کۆدەبێتەوە و نایخەنەوە بازاڕ و زۆرینەی خەڵکیش توانای پاشەکەوتیان نییە (Galbraith). 194-199،

جۆرج ئاکەلۆف و رۆبەرت شیلەر لەمەڕ هەمان قەیرانەوە (1929-1933)، ئەوە شیدەکەنەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک متمانەیەکی گەورەیان بە ئابورییەکە پەیداکردبوو، پارەیەکی زۆریان دەخستە وەبەرهێنانەوەیان خەرج دەکرد. ئەمە خەسڵەتی زۆربەی قەیرانە مۆدێرنەکانیشە. ئەوان تێبینی ئەوەش دەکەن کە بەر لە قەیران خەرجی بەلێشاو لە لایەن بەکاربەرانەوە دەبێتە نەریت، چونکە دەبینن هەمووان هەمان شت دەکەنەوە و هیچ تاکێکیش نایەوێت هەست بکات لە کێبرکێی کڕیندا دوا کەوتووە. بەدەر لەوەی وەبەرهێنان بەرێی هەڵەدا دەڕوات، گەندەڵی دەبێتە نەریت بەڵام تەنیا کاتێک هەموان دانیپێدادەنێن کە روداوەکە بووەتە راستی(Akerlof and Shiller، 2009، 65).

بە وردبونەوە لەو قەیرانەی لە 2008ەوە بەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکای گرتووە، ئارگیومێنتی ئابورییناسان کارمێن رەینهارت و کینیت رۆگۆف هەر لەو ئایدیایانەوە دەستپێدەکات کە بەشێکی بەرهەمی هەڵەتێگەیشتن و بەشەکەی دیکەی بەرهەمی بەرژەوەندیی کەمینەن. بریاربەدەستان و راوێژکارەکانیان لە بواری داراییی و نەختینەیی بەر لە قەیرانی ئابوریی 2008 لە ئەمەریکا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە "ئەمجارە جیاوازە چونکە ئەمەریکا تایبەتە!". واتە بەهۆی تایبەتمەندیی ئەمەریکاوە

ئەمجارە گەشەی ئابوریی ناوەستێت و بڵقێک نییە زوو بتەقێت گوایە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی سیستمێکی سیاسی بەهێز و سیستمێکی دارایی متمانەپێکراو و پێشکەوتووە. لەم بازاڕەدا مولْک لە سایەی سیستمی داراییدا زوو دەبێتەوە بە دراو یان بە نەخت (سیولە). بۆیە پێویست ناکات لە هێرشی سەرمایەی بیانی بۆ ناوخۆ و قەرزاربون بترسن. دووەم پاساویان ئەوە بوو کە وڵاتانی هەڵتوقیوو ( Emerging countries ) بەدوای ناوچەی سەقامگیر و پارێزراودا دەگەڕێن پاشەکەوتەکەیانی تێدا بخەنەگەڕ، کێ لە ئەمەریکا باشترە؟ سێیەم بیانویان ئەوە بوو کە پێکەوەلکانی زیاتری سیستمی دارایی جیهانیی بازاڕی سەرمایەی جیهانی قوڵتر کردوەتەوە و وادەکات قەرزاریی نەبێت بە کێشەیەکی گەورە. ئەمەریکا سیاسەتی نەختینەیی بەهێزە و ئامرازە نوێکانی داراییش بواردەدەن ژمارەیەکی گەورە لە قەرزوەرگران بچنە بازاڕی خانوبەرەوە. بەڵام ئەم ئایدیایانە، بەرای رەینهارت و رۆگۆف، پەردەپۆشکردنی ئەو گەندەڵییە گەورەیە بوو کە لە 2007 دا بڕی (36$) بلیۆن دۆلاری خستە گیرفانی کارمەندە باڵادەستەکانی (بەرێوەبەرانی گشتیی) پێنج بانکی وەبەرهێنان بەناوی ئەوەی پێویستە بانکەکان پارەدار بکرێنەوە. بە پێچەوانەوەی ئەم ئایدیایانەوە، ئەم قەیرانە پێشبینیکراو بوو. پێشتر نرخی مولْک بە پتر لە 100% لە ماوەی پێنج ساڵدا بەرزبووەوە، چالاکی ئابوریی سست بووبوو، بودجەی گشتی توشی کورتهێنان بووبوو، کەچی بڕیاربەدەستان فەرامۆشیان کرد(Reinhart and Rogoff، 2009، 23). تازە کە قەیرانیش دەستی پێکرد، کۆنترۆڵکردنەوەی کاتێکی زۆر دەخایەنێت، چونکە نرخ بە ئاسانی بەرزنابێتەوە، بەرهەمهێنان سست دەبێت، بێکارییش درێژخایەن دەبێت، حکومەت قەرزارتر دەکات و متمانە بە ئابوریی لاوازتر دەبێت.

براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئابوریی 2001 جۆزیف ستیگڵیتز، کەیەکێکە لە پێشەنگەکانی قوتابخانەی کینزی نوێ و بانگەشەی رێکخستنی ئابوریی دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە ملیۆنان کەس لە ئەمەریکا و بەهۆی سستی ئابوریی ئەمەریکاوە لەسەرتاسەری جیهاندا بێجێگا و بێکارکەوت، رای وایە "جیاوازیی ئەم قەیرانە لەگەڵ قەیرانەکانی 25 ساڵی رابردوو ئەوەیە کە ئەمە لەدایکبوییان بەرهەمی ئەمەریکایە – ...Made in America-و بە خێرایی بە جیهاندا بڵاوبوەوە" .( Stiglitz، 2010، 11) کاتێک ئاستی داهات لە ئەمەریکا دابەزی، خواست لەسەر کاڵای بیانییش بە دوایدا دابەزی. لەبەرئەوەی ئابوریی بەشی گەورەی جیهان بە ئەمەریکاوە بەندە، وڵاتانی تریش توشی قەیران بوون.

لای ستیگڵتز گرفتەکە ئایدیاکانن کە بەرهەمهێنەری سیاسەتی ئابوریین و نوێنەری بەرژەوەندیی کەمینەن. ئایدیای باو بریتی بوو لەوەی ئابوریی بە ئۆتۆماتیکی خۆی هەر کێشەیەک پاکتاودەکات کە دێتە رێی، گوایە خاوەنکار بەدوای بەرژەوەندیی خۆی دەکەوێت و لەو پرۆسەیەشدا خزمەتی بەرژەوەندیی هەمووان دەکات. رەخنەی ئەم ئابورینەسە ئەوەیە بانکیەدەگی فیدراڵ (بە سەرۆکایەتی ئالان گرینسپان و بێن بێرنانک کە چڵێسی پاوەر و بەرژەوەندیی تایبەتیی دەیجوڵاندن)، رێی لە سیاسەتی هەڵەی وەبەرهێنان لەلایەن بانکەکانەوە نەگرت. بۆ ئەوەی درێژە بە سیستمەکە بدەن و رێگای بدەن ئیش بکات، دەبوو بڵق ((bubbleی ئابوریی دروست ببێت، واتە گەشەیەک لە بوارێکدا. ئەم بڵقەی ئابوریی بریتیی بوو لە بوژانەوەی خانوبەرە بە پشتیوانیی بازاڕی ستۆک و بانکەکان کە ملیۆنان دۆلاری بۆ خۆی راکێشا، لە بری هاندانی ئایدیای نوێ و تەکنۆلۆجیای نوێ و گەشەی بزنسی بچوک(Stiglitz، 2010، .(16-13-لای ستیگڵیتز، بەرگریکارانی بازاڕی ئازاد لەوەدا بە هەڵەمان دەبەن کە پێشبینی قەیران ناکەن چونکە ئەوان رایان وایە بازاڕ بە ئۆتۆماتیکیی خۆی چاک دەکاتەوە، بۆیە رێگەیان بە بڵقەکەدا دروست ببێت. بەرای ئەو، حکومەت رۆڵێکی گرنگی هەیە لەوەدا نەهێڵێت بەهۆی بەرژەوەندیی تایبەتییەوە کەسێک قازانج بکات و زیانی کارگەکەی بۆ کەسانی چواردەور بێت، وەک لە بەرهەمهێنانی نەوتدا دەیبینین. ئەم گرفتە ناسراوە بە کاریگەریی دەرەکێتیی ((externalities، واتە کاریگەریی رەفتاری کەسێکیان لایەنێکلەسەر کەسێکیان لایەنێکیتر بەبێ ئەوەی قەرەبوی بکاتەوە، کە پاساوێکیترە بۆ رێکخستنی ئابوریی و بازاڕ، لە بری بازاڕی ئازاد.

کورتەی گفتوگۆکەی سەرەوە ئەوە روندەکاتەوە کە ئەگەر چارەسەری میلتن فریدمان و ئالان گرینسپان و بێن بێرنانک پاشەکشەی حکومەتە، گالبریەت و ستیگڵیتز و شیلەر و ئاکەلۆف بانگەشەی رێکخستنی ئابوریی و بازاڕ دەکەن، لە رێی دەستێوەردانی حکومەت و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەوە.

**3- چاکسازیی ئابوریی:**

چاکسازیی ئابوریی وەک بەرنامەیەکی سەربەخۆ بۆ چارەسەرکردن و دەرچونی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لە قەیران و دواکەوتویی ئابوریی پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسییان لەلایەنێندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتییەوە راگەیەنرا. ئەم باسە لە چەند برگەیەکدا درێژەی پێدەدرێت.

**3.1 چەمکی چاکسازیی:**

وشەی چاکسازیی ئابوریی ( Economic Reformلە سەرەتای هەشتاکانی سەدەرابردودا وەک شوێنگرەوەیەک بۆ گەشەپێدانی ئابوریی، بۆیەکەم جار لە لایەنێندوقی نەختینەیی و بانکی نێودەوڵەتی بەکارهێنراوە، کە دەربڕی وەرچەرخانێکینوێیە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

لە ژیانی ئابوریی نێودەوڵەتیی. ئەم بانگەواز و بەرنامانە بە خێرایی لەڕاپۆرتە حكومیی و میدیاییەكان و دەزگا و سەنتەرەكانی ئەكادیمیا بڵاوبونەوە( الفیاچ ، 2009 ، 3 ).لە تێروانینێكی گشتییەوە، دەكرێت پێناسەی چاكسازیی ئابوریی بەوە بكرێت كە هەوڵێكی نیشتیمانییە بۆڕاستكردنەوەرێچكەی ئابوریی وڵاتێک بەرەو ئاڕاستەیەكی خوازراو لەڕێگەی ئاراستەكردنێكی دروستی سیاسەتە ئابورییەكان و گرتنەبەری شێوازێک بۆ بەدیهێنانی پێداویستییە بنەڕەتییەكان لە شمەک و خزمەتگوزارییەكان بە نرخێكی گونجاو بۆ سەرجەم دەستە و چینە كۆمەڵایەتیەكان، لەگەڵ بەدیهێنانی هەلی كاركردن بۆ هێزی كاری ئامادە و بەدیهێنانی هاوسەنگیی لە نێوان خەرجییەكان و دەسهاتەكانی دەوڵەتدا و هاوسەنگیی لە نێوان كەرتی گشتیی و تایبەتیی و كۆنترۆڵكردنی هەڵاوسان و بێبازاریی (الحمش،2003، 48). بەدەستەواژەیەكی دیكە، چاكسازیی ئابوریی بریتیە لە كۆمەڵێک سیاسەتی ئابوریی بە ئامانجی وەلانانی بارلارییە ئابورییە ناوخۆیی و دەرەكییەكان لەگەڵ گرتنەبەری كۆمەڵێک سیاسەت بە ئامانجی بەرزكردنەوەی توانای بەرهەمهێنانودەرامەتە ئابورییەكان پشتبەستوو بە میكانیزمی بازاڕ و سنوورداركردن و رێكخستنەوەرۆڵی دەوڵەت لە ژیانی ئابورییدا. چاكسازیی پرۆسەیەكی بەردەوامی كاركردنە، مەرج نیە تەنیا لەو وڵاتانەدا ئەنجام بدرێ كە دواكەوتون، بەڵكو پێداویستیی زۆربەی وڵاتانی دنیایە، بەڵام ئامانجی چاكسازییەكە بەپێی ئاستی گەشەسەندنی وڵاتەكە دەگۆڕێت.

پرۆسەی چاكسازیی ئابوریی لە بنەڕەتدا بۆ بەدیهێنان و جێبەجێكردنی بەرنامەی جێگیركردنی ئابوریی لە لایەنێندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتیی و بانكی نێودەوڵەتییەوە هاتوەتە ئاراوە. ئەم پرۆسەیە لە كۆمەڵێک سیاسەتڕاستكردنەوە لە بوارەكانی دارایی و نەختینەیی و نرخی ئاڵوویردا خۆی دەبینێتەوە، كە لەماوەی كورتدا (1 ساڵ) جێبەجێدەكرێت. ئەوەش بە ئامانجی چارەسەركردنی ناهاوسەنگییە ئابورییە ناوخۆیی و دەرەكییەكان (مركز دراسات الوحده العربيه، 1999، 76)، بۆ نمونە لەنێوان خواستی هەمووەكیی و خستنەڕووی هەمووەكیی،یان پاشەكەوت و وەبەرهێنان.گرنگی سیاسەتەكانی سەقامگیریی ئابوریی لەوەدایە كە لە ماوەی كورتدا كاریگەریی لەسەر خواستی هەمووەكیی و خستنەڕووی هەمووەكیی دروستدەكەن و دەڕشێت بەكەمكردنەوەی خواست یان زیادكردنی، تێكرای گەشەی ئابوریی بەرزبكەنەوە، رێژەی هەڵئاوسان دابەزێنن، و تەرازوی پێدان هاوسەنگ بكەنەوە (النجفي، السلگان، 34،2009).

پەرەسەندنە خێراكانی ئابوریی جیهان چیترڕێگا بەوە نادات هەژمونی كەرتی گشتی بەسەر بوارە ئابوریی و كۆمەڵایەتییەكاندا بەردەوام بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو بارودۆخە بۆتە هۆی دروستبونی زیاتری تەنگژەی ئابوریی و كەمبونەوەی توانای بەرهەمهێنان. ئەمانە وایانكرد هەندێک حكومەت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو چەند چاكسازییەكی ئابورییان ئەنجامدا، وەک دوبارەڕێكخستنەوەی كەرتی گشتیی بە ئامانجی لێكدابڕانی موڵكدارێتیی و كارگێریی لە لایەک و چەسپاندنی سیاسەتی بەتایبەتكردنی كەرتی گشتی لە لایەكی ترەوە (حمە، 2013، 52).

**3.2 جۆرەكانی بەرنامەی چاكسازیی ئابوریی:**

چاكسازیی ئابوریی لەڕێگەی دوو كۆمەڵ بەرنامەوە جێبەجێ دەكرێت كە ئەمانەن:

**أ- بەرنامەكانی سەقامگیركردنی ئابوریی و بەربەستەكانی :**

بەرنامەكانی سەقامگیركردنی ئابوریی لە سێ جۆر سیاسەتی ئابورییدا خۆی دەبینێتەوە، كە بریتیین لە سیاسەتەكانی دارایی، سیاسەتەكانی نەختینەیی، و سیاسەتەكانی بازرگانیی. سیاسەتە داراییەكان بریتیین لە ئاراستەكردن و بەڕێوەبردنی خەرجییەكان و دەستهاتەكانی حكومەت بەمەبەستی روبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوریی و دروستكردنی ژینگەیەكی لەبار بۆ گەشەی ئابوریی. لە كاتی كورتهێنانی بودجە و قەرزاربونی زەبەلاحدا، حكومەت دەتوانێت خەرجییەكانی (وەک موچە و كرێ، ژمارەی كارمەندەكانی حكومەت، پاڵپشتیی و هاوكاریی بۆ هەندێک لە پرۆژەكانی) كەم بكاتەوە. هاوتەریب بە كەمكردنەوەی خەرجییەكانی، دەكرێت پەناببات بۆ زیادكردنی لایەنی دەستهات(الايرادات)، كە ئەمەش پێویستی بە دارشتنەوەی پەیكەری سیستمی باجدانانە(بەرزكردنەوەی نرخی شمەک و open.textbc.ca). ،Principles of Economics ،BCcampus) خزمەتگوزارییەكانی (وەک وزە و سوتەمەنی) بەشێكی ترن لەو سیاسەتانە.

جۆری دووەم لە سیاسەتەكانی سەقامگیریی ئابوریی بریتییە لە سیاسەتی نەختینەیی كە ئامانجی كۆنترۆڵكردنی خستنەڕووی دراوە بەشێوەیەک لە كاتی بازاڕكزییدا خستنەڕووی دراو زیاددەكرێت و لە كاتی هەڵئاوساندا پارە لە بازاڕ رادەكێشرێتەوە. ئەم ئەركە كەوتۆتە ئەستۆی بانكی ناوەندیی. ئەمەش بە سێ میكانیزمی جیاواز ئەنجام دەدرێت. یەكەمیان بەكارهێنانی نرخی سودە بەشێوەیەک لە كاتی بازاڕكزییدا نرخی سود دادەبەزێنێت تا بانكەكان پتر قەرز لە بانكی ناوەندیی بكەن (لە كاتی هەڵئاوساندا پێچەوانەكەی دەكات). بانكی ناوەندیی رێژەییەدەگ و كردارەكانی بازاڕی كراوەش بۆ روبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوریی بەكاردەهێنێت(The Balance، Expansionary Monetary Policy، www.thebalance.come).

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

جۆری سێیەمی سیاسەتەکانی سەقامگیریی پتر سەرنجی لەسەر سیاسەتی بازرگانییە. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن ئابوریی نیشتمانیی ببەسترێتەوە و تێکەڵ ببێت بە ئابوریی جیهان، چی هەنارده بکرێت و چی هاورده بکرێت و چی لە ناوخۆدا دروست بکرێت. عێراق لە ریزی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا ((MENAدا، کە نزیکەی 20 بۆ 22 دەوڵەتن (وەک ئیسرائیل، جەزائیر، تونس، لیبیا، ئێران، تورکیا، شەش دەوڵەتی کەنداوی عەرەبیی) دادەنرێت. لە 2004دا، نزیکەی 70%بیەدەگیی سەلمێنراوی نەوتی جیهانیی لەم ناوچەیەدا بووە. نزیکەی لە 57%بیەدەگی نەوت لە وڵاتانی کەنداودایە. سعودیەش بە تەنیا لە چوار بەش خاوەنی نزیکەی بەشێکی کۆی نەوتی جیهانییە. بروانە ئەم خشتەیەی خوارەوە بۆ زانیاریی زیاتر.

خشتەی -1-

پێوەرەکانی گەشەی ئابووری و بازرگانی دەرەکی لە چەند وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیاو ئەندامانی ئۆپیک (2017)

| | جەزائیر | ئێران | عێراق | کوەیت | لیبیا | قەتەر | سعودیة | ئیمارات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دانیشتوان بە ملیۆن | 41.72 | 81.16 | 38.96 | 4.49 | 6.47 | 2.69 | 32.55 | 9.99 |
| داهاتی تاکەکەس ( GDP (per capita | 4,173 | 5,508 | 4,908 | 26,775 | 6,769 | 1,881 | 62,196 | 21,007 |
| بەهای هەنارده بە ملیۆن دۆلار | 39,312 | 110,764 | 63,314 | 55,338 | 18,379 | 84,906 | 231,485 | 313,504 |
| بەهای هاوردە بە ملیۆن دۆلار | 50,949 | 123,935 | 51,325 | 30,999 | 11,357 | 62,022 | 131,650 | 273,663 |
| بەهای هەناردەی نەوت بە ملیۆن دۆلار | 22,353 | 52,728 | 59,730 | 50,683 | 15,014 | 35,496 | 159,742 | 65,641 |

سەرچاوە:

OPEC Annual Statistical Bulletin, OPEC, 2018, table 1.1, p.8

http://www.thegulfintelligence.com/mediafiles/downloadfile/4833753a-f159-46f2-8dc0-f2335344ebe6.pdf

خشتەکە باری گوزەران و ژمارەی دانیشتوان و هەنارده و هاوردە و هەناردەی نەوت دەردەخات لە شەش وڵاتدا کە ئەندامی ئۆپیکن و هاوکات لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقان. گروپێک لەم دەوڵەتانە بە دەوڵەتی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی سروشتیی (وەک نەوت) و دەوڵەمەند لە دەستی کاردا دانراون. عێراق و ئێران و سعودیە لە ریزی ئەم دەوڵەتانەن. هەندێکی تریان بە دەوڵەتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی سروشتیی و هەژار لە دەستی کاردا دانراون. ئیمارات و قەتەر و کوەیت لە ریزی ئەم دەوڵەتانەن (.Cammett et. al، 2013، p.67.)بەم هۆیەوە، رژێمی سیاسیی لە هەر دەوڵەتێکیاندا جیاوازە. بە پێچەوانەی گروپی یەکەمەوە، گروپی دووەم دەتوانن رژێمێکی سیاسیی سەقامگیرتریان هەبێت بەو پێیەی توانایان هەیە رەیعی نەوت لەگەڵ خەڵکدا بەش بکەن و بێدەنگیان بکەن.

خشتەکە دەریدەخات کە ئەگەر بەهای هەناردەی نەوت لە کۆی بەهای هەنارده دەربکرێت، ئەوا بەهای هاوردە زۆر زیاترە لە بەهای هەناردەی نانەوتیی. ئەو وڵاتانەی پشت بە ستراتیجی هەناردەی نەوت دەبەستن (وەک عێراق، کە هەرێمی کوردستانیش لەم چوارچێوەیەدایە، یان وڵاتانی کەنداوی عەرەبیی) روبەڕوی زۆر کێشە دەبنەوە، لەوانە کاتێک نرخی نەوت بەرزە، دراوی قورس (دۆلار) دێتە وڵاتەکەوە، توانای کرینی دراوەکەیان بەهێز دەبێت، هانی هاوردە دەدات و ئەو سێکتەرانەی بۆ هەناردەی کاڵان لاواز دەکات. واتە لاسەنگیی لە بازرگانیی دەرەکییدا دروست دەکات. لەبەرئەوەی هەناردەی کاڵا هەمەرەنگ نییە و


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نرخی نەوتیش جێگیر نییە، ئەوا گەشەی ئابورییەکەیان سەقامگیر نابێت. گرفتێکی تریان ئەوەیە رۆژێک لە رۆژان نەوت کۆتایی دێت. سعودیەی عەرەبیی بەشی 50 بۆ 250 ساڵ نەوتبی هەیە، بەپێی رێژەی بەرهەمهێنان (Cammett et. al.، 2013، p.52). داهاتی هەناردەی نەوت لە سعودیە لەسەر ژێرخانی ئابوریی تەرخانکرا. بەشێکیشی لە وڵاتانی رۆژئاوادا خرایەوە گەڕ و سەرمایەگوزاریی پێوە کرا یان خرایەوە خزمەتی گەشەی کەرتی پیشەسازیی پشتبەستوو بە نەوت. لە کوەیتدا داهاتی نەوت بەر لە 1990 خرایە بواری دارایی و وەبەرهێنی بیانیی راکێشرا. بەڵام هیچ یەکێک لەم وڵاتانە وەک پێویست نەیانتوانی گەشەی ئابورییەکان بە تەنیا پشت بە هەناردەی نەوت نەبەستێت و لە کێشەی پاشکۆیەتیی بۆ نەوت و نرخەکەی رزگاریان ببێت. لە دوای پەلاماری عێراق، هەلومەرجێک لە کوەیتدا هاتە ئاراوە کە ناچاربون پارەکانیان لەسەر بەهێزکردنی بواری سەربازیی و خۆپاراستیان لە دەوڵەتی عێراقیی خەرج بکەن. لە هەمان کاتدا، سەرمایەی مرۆیی کە بەردی بناغەی گەشەی درێژخایەنە، فەرامۆش کرا بەو هۆیەوە داهاتی سامانی سروشتیی جێی بایەخ بوو، ئەو جۆرە کارانەی پێویستی بە زانینی قوڵ لە بوارێکدا هەبوو (وەک ئەندازیاریی) بۆ کارمەندان چیتر گرنگ نەبوون (Cammett et. al.، 2013، p.22).

میسر و عێراق و ئێران لە 1960کان و 1970کاندا سیاسەتی جێگاگرتنەوەی هەناردەی پیشەسازییان پەیرەو دەکرد. بەرزیی نرخی نەوت لەمەدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هاوکاریی کردن. حکومەت گومرگی بەرزی لەسەر هاوردە دادەنا بەو ناوەوە پیشەسازییەکانیان ساوان و دەبێت پێ بگرن. لەم پرۆسەیەدا بینای کارگەی رستن و چنین و پاڵاوتنی شەکر دامەزران و هەوڵدرا ماددەی خاوی ناوخۆ بەکاربهێنرێت. ئومێدیان ئەوە بوو ئابورییەکی هەمەرەنگ دروست بکەن و رادەی پشتبەستنیان بە بازاڕی دەرەکیی کەم بکەنەوە تا خۆیان لە هەڵچون و داچونەکانی بپارێزن. بەم هۆیەشەوە، سێکتەرە ئابورییەکان بە یەکترەوە دەبەسترێنەوە و یەک (بۆ نمونە پیشەسازیی) ئەوی دیکە (بۆ نمونە کشتوکاڵ) پێشدەخات. بەڵام بەرزیی رێژەی گومرگ و بەرزبونەوەی نرخی کاڵای ناوخۆ و تەرخانکردنی سەرچاوەکانی حکومەت بۆ پیشەسازیی بە رادەیەکی زۆر زیاتر لە کشتوکاڵ لە ریزی ئەو فاکتەرانەن وای کرد ئەم سیاسەتە ئامانجی خۆی بە تەواوی نەپێکێت. کشتوکاڵ باجی زیاتری خرایە سەر تا داهاتێک بخاتە دەستی دەوڵەتەوە لەسەر هاوردەی کەرەستەی پیشەسازیی خەرجی بکات لە پێناوی سەرکەوتنی پیشەسازییە ساواکاندا. داهاتی دانیشتوانی دەرەوەی شارەکان، کە رێژەیەکی زۆر بوون لە کۆی دانیشتوان، دابەزی و نەیانتوانی کاڵای پیشەسازیی خۆماڵیی بکڕن. لەبەرئەوەش ئەم پیشەسازییانە لەلایەن حکومەتەوە دەپارێزران، بیریان لەوە نەدەکردەوە تێچوی بەرهەمهێنان کەم بکەنەوە.

دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەنایان بۆ سیاسەتی هەناردەی مانیفاکتورە و هەناردەی کشتوکاڵییش بردووە. لەم روەوە، تورکیا و ئێران سودیان لێ بینیوە. پشتبەستن بە هەناردەی کشتوکاڵ لەوەشدا گرنگە کە دەرفەتی کار دروست دەکات. بە تێکڕا، جۆراوجۆرکردنی هەناردە ئابوریی وڵات دەپارێزێت لە کێشەی یەک سەرچاوەیی داهات. بەڵام مەرج نییە دەوڵەت یەک ستراتیجی بۆ چونەناو بازاڕی جیهان و زیادکردنی پشکی خۆی لە داهاتی جیهان پەیرەوبکات. ئێران هاوشانی هەناردەی نەوت، ستراتیجی جێگاگرتنەوەی هاوردە و هەناردەی مانیفاکتورەی پەیرەوکردووە، لە کاتێکدا میسر و تونس بە دەستێک هەناردەی کاڵای تەقلیدییان دەکرد (وەک لۆکە و رۆنی زەیتون)، سێکتەری جێگاگرتنەوەی هاوردەشیان بەهێز دەکرد، هاوکات هەوڵی هەناردەی کاڵای پیشەسازییشیان دەدا. لە هەموو ئەم ستراتیجییانەشدا، دەوڵەت رۆڵی گرنگی بینیوە لە ئاراستەکردنی ئابورییەکەدا بە دانانی باج، گومرگ، رێژەی ئاڵوێر و تەرخانکردنی سامان بۆ وەبەرهێنانەکانیی. ئەوەی کام ستراتیج بۆ گەشە و گەشەسەندن هەڵبژێردرێت تەنیا لەسەر ئەوە نەوەستاوە ئایا سیاسەتدانەرانی ناو وڵاتێک دڵسۆز و کارامەن یان نا، بەڵکو پەیوەستیشە بە چەندان هەلومەرجی ناوچەیی و ناوخۆیی. ئیسرائیل ناتوانێت نەوت هەناردە بکات، بەڵام هێزێکی کارامەی پێشکەوتووی هەیە. سودان خاوەنی هێزی کارامەی پێشکەوتوو نییە، بەڵام بۆی دەگونجێت بەروبومی کشتوکاڵیی هەناردە بکات. وڵاتێکیش داهاتی تاکەکەس تیایدا نزم بێت و دانیشتوانی کەم بێت بۆی ئاسان نابێت ستراتیجی جێگاگرتنەوەی هەناردە پەیرەو بکات. دەستنیشانکردنی ستراتیجییەک پەیوەندیداریشە بە هاوپەیمانێتیی دەوڵەتەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی (Cammett et. al.، 2013، p.27).

لێرەدا هەر سێ سیاسەتە ئابورییەکەی سەرەوە یەکدەگرنەوە. لە پرۆسەی وەرچەرخانی بونیادییدا( Structural transformation)زۆر لە وڵاتان پەنایان بۆ پیشەسازیی برد بەو ئومێدەی بەرهەمداریی کارمەند و ئاستی داهات تیایدا بەرزترە لە سێکتەرەکانی تری وەک کشتوکاڵ. لە راستیدا، کەرتی کشتوکاڵ توانای دابینکردنی دەرفەتی کار و پاراستنی ئاسایشی خۆراک و تەنانەت هەمەجۆرکردنی هەناردە و بەدەستهێنانی دراوی بیانیی هەیە. هاوشانی ئەم وەرچەرخانە، کەرتی خزمەتگوزاریی گەشەی کرد، کە زۆربەی لە ژێر دەستی حکومەتدایە یان لە لایەن بزنسی نافەرمییەوە دەبرێن بەڕێوە. واتە ئەم سێکتەرەش فشاری خستەسەر کەرتی کشتوکاڵ و بەشێک لە هێزی کارەکەی بۆ خۆی راکێشا لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گەشەی ئابوریی پێویستی بە سیاسەتی ئابوریی هەیە. گەشە و سیاسەتی ئابوریی وەرچەرخانی بونیادیی دروست دەکەن. دەشێت

ئەو وەرچەرخانە بەشێوەیەک بێت کە لاسەنگیی بونیادیی دروست بکات. یەکێک لەو لاسەنگییانە سیاسەتی نەختینەیی لێی بەرپرسیارە. لە کۆتایی 1970کان و لە 1980کاندا، گەشەی ئابوریی لە سودان و تونس و مەغریب و تورکیا پاشەکشەی کرد بە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی ئاڵوویرەوە، واتە بەرزبونەوەی بەهای دراوی ناوخۆوە. ئەم سیاسەتە وایکرد هانی هاوردەی دەدا و هەناردەی سست دەکرد.

لە وڵاتانی نەوتییدا، بەلێشاو هاتنی درواى قورسی بیانیی لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوتەوە زۆر کێشەی بونیادیی بۆ دروست کردن. یەکێکیان ئەوەیە ناسراوە بە نەخۆشیی هۆڵەندیی ( (Dutch Diseaseکە ناوێکە لەوەوە هاتووە لە 1970کاندا داهاتی گازی سروشتیی هەناردەی هۆڵەندای لاواز و هاوردەی بەهێز کرد. خەرجکردنی داهاتی نەوت لەلایەن حکومەتەکانەوە وایکرد کارمەندان ڕووبکەنە کەرتی خزمەتگوزاریی و کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی جێبهێڵن کە تەرخانبون بۆ هەناردە. خەرجییەکانی حکومەت خستنەڕووی دراوی لە بازاڕدا زیاد کرد، ڕێژەی هەڵئاوسان بەرز کردەوە. ئەمە وایکرد بۆ ئەو وڵاتانەی بازرگانییان دەکرد لەگەڵ وڵاتانی نەوتییدا گران بوەستێت کاڵای پیشەسازیی و کشتوکاڵییان لێ بکڕن. لە گۆشەیەکی ترەوە بڕوانین، خەرجییەکانی حکومەت خواستی لەسەر ئەو کاڵایانە بەرزکردەوە کە ناچنە بازرگانییەوە، کە ناسراون بە کاڵای نابازرگانیی ((nontradable goods، وەک خانووبەرە، بەڵام خستنەڕوویان بە هەمان خێرایی زیادی نەکرد. لە ئاکامدا نرخیان زۆر زیاتر بەرزبوەوە بەراورد بەو کاڵایانەی دەچنە بازرگانییەوە و خستنەڕووی نەرمە ( .(elasticلەگەڵ کۆچکردنی سەرمایە و دەستی کار بۆ ئەم کەرتانە، خستنەڕووی کار لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازییدا کەمی کرد، بۆیە ئاستی کرێی کارمەند بەرزبوەوە، تێچووی بەرهەمهێنان زیادی کرد، بەرهەمهێنانیش پاشەکشەی کرد. لە هەمان کاتدا، نرخی بەرهەمەکانیشیان لە بازاڕی جیهانییدا دابەزی بە هۆی کێبڕکێوە کە وایکردووە خستنەڕووی کاڵای ئەم دوو کەرتە نەرم بێت، لاستیکیی بێت (واتە مەرن بێت). نەخۆشیی هۆڵەندیی دواجار هانی خەڵکی دەرەوەی شارەکانیدا ڕووبکەنە شارەکان و کەرتی کشتوکاڵ جێبهێڵن. لە لایەک بەرزبونەوەی نرخی ئاڵوویر و لە لایەکەی ترەوە بەرزبونەوەی ئاستی کرێی کار کەرتی کشتوکاڵی لاواز کرد. وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت دەشێت بە شێوەیەکی کاتیی و لە سایەی داهاتی نەوت و خەرجیی و هاوکارییەکانی حکومەتدا ڕێژەی گەشەی پیشەسازیی و کشتوکاڵ بپارێزن، وەک لە جەزائیردا لە 1973 تا 1983 ڕوویدا کاتێک نرخی نەوت بەرزبوەوە، بەڵام ئەستەمە بتوانن بەردەوامیی بدەن بە گەشەکە. ئەمەش واتای ئەوەیە بەردەوامیی و سەقامگیریی ڕێژەی گەشەی ئابوریی گرنگە. بە پێچەوانەوە، ڕودانی قەیرانی ئابوریی لە ناکاو و زوو زوو دوبارەبوەوە دەشێت ئەوەی بیناکراوە لەناوببات. داهاتی نەوت کێشەی تریش دروست دەکات. داهاتی نەوت بە ڕەیع دادەنرێت، کە بریتییە لەوەی بە تێچوویەکی زۆر کەم بەرمیلێک نەوت بەرهەمدەهێنرێت و بە نرخی زۤر بەرز، دەفرۆشرێتەوە (لە کەنداوی فارسدا بە 1.5$ بەرمیلێک دەردەهێنرێت و زۆر جار بە 60$ دەفرۆشرێت، بەپێی نرخی نەوت). ئەم ڕەیعە حکومەتێکی گەورە دروست دەکات کە کارمەندان بۆ خۆی ڕادەکێشێت لە پێناوی بەدەستهێنانی کارێکی جێگیردا کە زۆرجار لە کەرتی تایبەتدا دەستناکەوێت. جگە لەمەش، گروپی نوێی کۆمەڵایەتی دەخاتە شوێنی گروپی تر، لەوانە بەڵێندەرانی نەوت باڵادەست دەکات و جوتیاران لاواز دەکات (.Cammett et. al، 2013، p.14).

لە کورتکردنەوەدا، دەشێت وڵاتانی نەوتیی لە ماوەی کورتخایەندا سود لە نەوت ببینن، بەڵام ئەگەر داهاتەکەی لەسەر دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی سەرمایە خەرج نەکەن، ئەوا لە ئایندەدا توشی گرفتی ئابوریی گەورە دەبن. هەروەها، پشتبەستن بە یەک سەرچاوە بۆ چونەناو بازاڕی جیهانییەوە هەمیشە ئەگەری هەڵچون و داچونی لەناکاوی ئابوریی نیشتمانیی بەرزدەکاتەوە.

**أ-بەرنامەکانی گونجاندن و ڕاستکردنەوەی پەیکەربەندیی ئابوریی:**

کۆمەڵەی دووەم لە بەرنامەکانی چاکسازیی ناسراون بە بەرنامەکانی گونجاندنەوە و ڕاستکردنەوەی پەیکەربەندیی ئابوریی کە پتر لە ماوەی مامناوەند و درێژخایەندا دەخرێنەگەڕ. دامەزراندنی دامودەزگا و پەیڕەوکردنی یاسا، دانانی دەستور و پەیڕەوکردنی، یاساکانی پەرلەمان و دەزگای گەشەسەندنی سەرچاوەی مرۆیی لە دیارترین ئەو دەزگایانەن کە دەچنە ئەم چوارچێوەیەوە و بەرژەوەندیی تایبەتیی و گشتیی ڕێکدەخەن. لە 1990مکانەوە، زۆربەی ئابوریناسان کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئابوریی وڵاتانی تازەگەشەکردوو، لەناویشیاندا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، پێویستە سەرلەنوێ بونیاد بنرێتەوە. لەم ڕووەوە ئابوریناس جۆن ویلیامسۆن ( (John Williamsonدەستەواژەی کۆکبونی واشنگتون ((Washington Consensusی بەکارهێنا بۆ پرۆگرامەکانی گونجاندنەوەی بونیادیی ( .(Structural adjustmentئایدیاکە وەڵامێک بوو بۆ کەڵەکەبونی لاسەنگییە بونیادییەکانی ئابوریی ئەو وڵاتانە دوای ئەوەی لە گەشەیاندا پشتیان بە دەوڵەت بەستبوو. چارەسەرەکان ئەمانە بوون:

1-سەقامگیریی ماکرۆئابوریی (جێگیرکردنی نرخ و دابەزاندنی ڕێژەی ئاڵوویر)

2-کرانەوەی بازرگانیی دەرەکیی

3-بەتایبەتکردنی کارگە و پرۆژەکانی دەوڵەت و کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت لە ئابورییدا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

بەپێی ئەم پرۆگرامانە، کاتێک حکومەت لەسەر رێی ئابوریی لابرا، ئەوا پاشەکەوتی تاک و خێزانەکان رووەدەکاتە وەبەرهێنانێکی راستەقینەی بەسود، هەنارده بەهێز دەکات و دەرفەتی کاریش دروست دەکات، هاوکاتیش سەرچاوەکان بە کارایی efficiency))
بەکاردەهێنرێن. واتە چەمکی سەرەکیی بریتیی بوو لەوەی کەرتی تایبەت بخرێتە شوێنی حکومەت. لە لای ویلیامسۆن، دە پرەنسیپیسەرەکیی دەبێت بۆ چاکسازیی وڵاتانی تازەگەشەکردوو پەیرەوبکرێن:
1-دیسپلیندانان بۆ دارایی، 2- ئاراستەکردنەوەی کەرتی گشتیی، 3- چاکسازیی سیستمی باج، 4- ئازادکردنی رێژەی سود، 5- ئازادکردنی رێژەی ئاڵوێر، 6- ئازادکردنی بازرگانیی دەرەکیی، 7- کرانەوە بە روی وەبەرهێنی دەرەکیی، 8-بەتایبەتکردن، 9- پاشەکشەی حکومەت لە ئابوریی، 10- پاراستنی مافی خاوەنداریتی. ئەم پرەنسیپانە وادەکەن لە ماوەی کورتخایەندا گۆڕاوەکانی ماکرۆئابوریی سەقامگیر بن و لە ماوەی درێژخایەندا لاسەنگییەکانی ئابوریی راستبکرێنەوە. ئەم پرۆگرامانە لەلایەن حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سندوقی نەختی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵتییەوە پشتیوانیی دەکران، کە بارەگای هەر سێکیان لە واشنگتۆنە.
لە 1980کان و 1990کاندا زۆر لەم دەوڵەتانە شوێن ئەو پلانە کەوتن، ئاکامەکەی بێئومێدییەکی زیاتر بوو. دواتر دەستکاریی پرۆگرامەکانی چاکسازیی کرا بەم شێوەیەی خوارەوە:
1-بەرێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمپانیان (Corporate governance)، 2- دژایەتیی گەندەڵیی، 3-بازاڕێکی کاری نەرم (flexible)، 4- پەیرەوکردنی دیسپلینەکانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانیی(WTO)، 5- رەچاوکردنی رێنمایی و ستانداردەکانی دارایی نێونەتەوەیی، 6- کرانەوەیەکی حەکیمانەی حسابی سەرمایە، 7- دەستوەرنەدانی رژێمی رێژەی ئاڵوێر، 8- سەربەخۆیی بانکی ناوەندیی، 9- تۆڕی بیمەی کۆمەڵایەتیی، 10- کەمکردنەوەی هەژاریی.
بەگشتیی، پێداویستییەکانی بەرنامەکانی گونجاندنەوە و ڕاستکردنەوەی پەیکەربەندیی ئابوریی بریتیین لە بچوککردنەوەی قەبارەی کەرتی گشتی و گەورەکرنی روبەری کەرتی تایبەت لە پرۆسەی بەتایبەتییکردن (الخێخێە)دا، ئازادکردنی نرخەکان، ئازادکردنی بازرگانی دەرەکی، و پشتگیرییکردنی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ((Anup ،Shah، Structural Adjustment—a Major Cause of Poverty، March 24، 2013 . لە خوارەوە لەسەر هەندێک لەم بەرنامانە دەوەستین.
ا- بەتایبەتیکردن (الخێخێە) بریتیە لە گۆڕینی موڵکایەتی کەرتی گشتی ( حکومەت ) بۆ موڵکایەتی کەرتی تایبەتی، بە ئامانجی پشتبەستن بە میکانیزمی بازاڕ و کەرتی تایبەت و برەودان بە کێبرکێ و بەدیهێنانی گەشەپێدان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (الگاقه، 1994، ل4). پرۆسەی بەتایبەتیکردن پشتدەبەستێت بە سێ هۆکار کە ئەمانەن(جامعه الدول العربیه،1994، ل96):
•کەرتی تایبەتی بە تواناترە لە کەرتی گشتی لە بواری ئامادەکردن و ئاراستەکردنی دەرامەتەکان بۆ پرۆژە ئابورییەکان.
• کەرتی تایبەتی بە تواناترە لە بەرێوەبردنی پرۆژە ئابورییەکاندا.
•پرۆسەی بەتایبەتیکردن دەبێتە هۆی لابردنی زەرەر و زیانێکی زۆری سەر شانی حکومەت.
ریشەی بیرۆکەکە لەسەر ئەوە بیناکراوە کە بەرژەوەندیی تایبەتیی بەئۆتوماتیکیی دەچێتە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتییەوە. بەپێچەوانەوە، سەپاندنی بەرژەوەندیی گشتیی بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتییدا دەبێت بەهۆی زیانگەیاندن بە جوڵەی ئابورییەکە مادام تاکەکان لە بەشداریکردن لە چالاکیی ئابورییدا سست دەبن.
**ب-ئازاد کردنی نرخەکان جێگەی بایەخی بەرنامەی گونجاندنی ئابوریيە:** بەجۆرێک بانکی نێودەوڵەتی پێی وایە دەستوەردانی حکومەت لە میکانیزمی نرخەکان دەبێتە هۆی شێواندنیان. سیستمی نرخ هاندەری دابەشکردنی سەرچاوە ئابورییەکان و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان و باشکردنی نمونەیی دەرامەتەکان و بەشینەوەی داهاتە، پەکخستنی دەبێت بەهۆی دروستکردنی قەیرانی ئابوریی (محمد، 2006، ل116). بۆ نمونە، دانانی نرخ لەسەر فرۆشتنی خانوو و شوقە وادەکات نرخەکەی بەرزنەبێتەوە، بەڵام ناتوانێت خاوەن موڵک ناچار بکات بیفرۆشێت، هانیشیان دەدات چیتر خانوو دروست نەکەن، بۆیە خستنەڕوی خانوو کەمدەبێتەوە، خواست زیاددەکات، بەمەش یاسای خواست و خستنەڕوو دەشێوێنێت.
ج-ئازاد کردنی بازرگانی دەرەکی یەکێکی ترە لە بابەتە گرنگەکان کە بانکی نێودەوڵەتی چاوپۆشی تێدا ناکات لە چوارچێوەی مەرجەکانیدا کاتێک داوای قەرزی لێ بکرێت لەلایەن وڵاتێکەوە. ئەم بەرنامەیە بە بنەمای ڕاستکردنەوەی پەیکەربەندیی دادەنێت، چونکە ئەو بانکە پێی وایە سەپاندنی چاودێریی بەسەر بازرگانی دەرەکییدا دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە بەردەم کێبرکێ و زۆربونی بەرهەم و بەدەستهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ. هەروەها چاودێریکردن دەبێتە هۆی دابڕینی بازاڕی ناوخۆیی لە بازاڕی دەرەکیی. پەیرەوکردنی سیاسەتێکی بازرگانیی کراوە دەبێتە هۆی زیادبونی رێژەی گەشە و فراوانبونی پیشەسازیی.
پشتگیریکردنی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ بەشێکی دیکەی ئەو پرۆگرامانەیە کە دوو جۆری سەرەکیی هەیە. یەکەم ناسراوە بە وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ .( FDI -Foreign Direct Investment )لەم جۆرە وەبەرهێنانەدا وەبەرهێن ڕاستەوخۆ

وەبەرهێنانی لە ئابوری وڵاتێکی دیکەدا کردوە، خاوەنی دەستەڵاتێکی باشیش دەبێت لە بواری بەڕێوەبردنی پرۆژەکەیدا(نویر، 2003، ل8). وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ وەبەرهێنانێکی درێژماوەیە. بەڵام لای ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیی، ئەم وەبەرهێنانە بریتییە لەوەی وەبەرهێنەرێکی نیشتەجێ لە وڵاتی خۆی (وڵاتی دایک) خاوەنی پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بێت لە وڵاتێکی دیکە، واتە وڵاتی میواندار(الحسینی، 1999، ل50).
گەشەی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ دەرئەنجامی پرۆسەی ئازادکردنی بازرگانی دەرەکییە، ئەوەش ئازادیی گواستنەوەی سەرمایە، کار، تەکنەلۆجیا، هەناردەکردن و هاوردەکردن دەگرێتەخۆ. یەکێک لە سودەکانی ئەم وەبەرهێنانە ئەوەیە بەکاربەران لە وڵاتی دایک بە نرخێکی هەرزان شمەکیان دەستدەکەوێت لە کاتێکدا لە وڵاتی تازە گەشەکردوو بەرهەمهێنراوە( Crystal Ayres، 17 big advantages and disadvantages of FDI، Jul 23، 2018).
کەواتە بنەمای پرۆگرامەکانی چاکسازیی لەم ڕووەوە ئابوریی بازاڕ و پاشەکشەی حکومەتە لە ئابوریی. بەڵام کام هەنگاو لە پێش کام هەنگاوە بێت، ئەوا وەستاوەتە سەر دۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی. لە قۆناغێکدا تورکیا سودی لە ستراتیجی جێگاگرتنەوەی هاوردە بینی بەڵام دوایی شکستیهێنا، لە قۆناغێکی تریشدا سودی لە ئایدیا و چەمکەکانی کۆکبونی واشنگتون وەرگرت. تورکیا دەیویست ببێت بە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، توانیی هەناردە لە 3 ملیارد دۆلارەوە لە 1980دا بگەیەنێتە 13 ملیارد لە 1990 و 30 ملیارد لە 2003دا. بەڵام بۆ تورکیا کە لە ڕوی سیاسییەوە دابەش بوو بوو، سەخت بوو چاکسازیی ئابوریی بکرێت. کرانەوەی حسابی سەرمایە حکومەتی خستە ژێر قەرزێکی زۆرەوە، هانی بانکەکانیدا پارە لە بازاڕی نێودەوڵەتیی وەربگرن و بە قەرز بیدەن بە حکومەت تا قازانجی لێ بکەن. کاتێک ئەم قەرزانە کەڵەکە بوون، تورکیا لە 1994 و 1999 و 2001 توشی قەرزاریی بوو. سیاسەتی هەڵە قەیرانی دروست کرد و قەیرانیش بەشداریی کرد لە سەرهەڵدانی قۆناغێکی توند و ڕەق لە ڕوی سیاسییەوە لە تورکیای ساڵانی ڕابردوودا.
پڵنگەکانی ئاسیا (وەک تایوان و کۆریای باشور) پشتیان بە دەوڵەت، نەک ئابوریی بازاڕ، بەست لە ڕاستکردنەوە و وەرچەرخانی ئابورییاندا لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم. وڵاتی چاینا (چین) ڕووی نەکردە ئابوریی بازاڕ و توانیشی گەشەیەکی بەردەوامی هەبێت و بە ملیۆنان کەسیشیان لە هەژاریی ڕزگار کرد. پێشتر باسکراوە کە ئابوریناسی وەک جۆزیف ستیگڵیتز سیاسەتەکانی ئابوریی بازاڕ بە سەرچاوەی قەیرانەکانی 2008 و دواتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و جیهان دادەنێت. لە قەیرانی 1998ی ئاسیای خوارووش، کرانەوەی لەناکاو و خێرای بازاڕی سەرمایە بە هۆکار دانراوە کە دواتر ئەندەنوسیاشی توشی قەیران کرد. مالیزیشا گەشەیەکی خێرای کرد، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر کرانەوەی بازاڕی سەرمایەی کۆنترۆڵ کردبوو. ئەمەش وادەکات زۆر لە ئابوریناسان بڵێن کرانەوەی بازرگانیی دەبێت لە دوا قۆناغەکاندا جێبەجێ بکرێت. ئەزمونی ڕوسیاش پیشانیدا کە پرۆسەی بەتایبەتکردن هاوڕێیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەوەی ناسراوە بە سەرمایەداریی خزمخزمێنە ( crony capitalism)بەشێوەیەک کە فرۆشتنی کارگە و دەزگاکانی حکومەت بە خزم و کەسوکاری دەستەڵاتدارانی حزب و حکومەت دەبێت و شتێکی ئەوتۆ لە چارەنوسی ئابورییەکە ناگۆڕێت و گەندەڵیی فراوان دەکات.
جێبەجێکردنی هەر 20 ڕێنماییەکەی سەرەوە نەک ئاسان نییە بەڵکو هەڵەیەکی گەورە دەبێت، لەبەرئەوەی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان دروست دەکات و کۆنترۆڵکردنیان سەخت دەبێت. کامیان لە پێش کامیانەوە ڕەچاو بکرێت؟ ئابوریناس دانی ڕۆدریک بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: "هەرچەند لە تواناتدایە جێبەجێیان بکە، هەرچەندیش دەتوانیت بە خێراییترین کات جێبەجێیان بکە"، بەڵام ئەوە ڕوونە کە سەقامگیریی گۆڕاوەکانی ماکرۆئابوریی، ئاوێتەبون بە ئابوریی جیهان و پاراستنی مافی خاوەندارێتی تایبەتیی وەبەرهێنەران لە سەرەوەی لیستەکەدان ئەگەر وڵاتێک بیەوێت سەرکەوتووانە چاکسازیی بکات. ئەمانەش پێویستی بە دامەزراندنی دەزگا و حکومەتی باش و ڕژێمی سیاسیی کراوە هەیە.

## بەشی دووەم

## قەیران و چاکسازیی ئابوریی لە هەرێمی کوردستاندا

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014وە توشی قەیرانی دارایی بووە. ئەو قەیرانە داراییە پەرەیسەند بەجۆرێک زۆرینەی جومگەکانی ئابوریی هەرێمی گرتەوە، گەیشت بە قەیرانی ئابوریی قوڵ. سەرەتا لە تایبەتمەندییەکانی قەیرانی ئابوریی لە هەرێمدا دەڕوانین، پاشان دەچینەوە سەر پرسی چاکسازیی ئابوریی و ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانەکە.

### 1.تایبەتمەندییەکانی قەیرانی 2014ی هەرێمی کوردستان :

پێش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی حکومەت لە 2014دا، سەرەتا ئابوریی هەرێمی کوردستان توشی شۆکی خستنەڕوو (ێدمە العرچ) بووبوو. لایەنی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لاواز بوو. ئابورییەکە پتر پشتی بە لایەنی خواستی گشتیی دەبەست لە کەناڵی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

خەرجکردنی داهاتی نەوتەوە کە لە عێراقەوە روی لە هەرێمی کوردستان دەکرد. بەهۆی گەمارۆی ئابوریی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو و جەنگەوە، بازرگانی دەرەکی توشی کورتهێنان بوو بوو، واتە هەناردەی کەم و هاوردەی زۆر بوو.
کەرتی کشتوکاڵیش بە خێرایی پاشەکشەی کرد، بەتایبەت دوای هەڵکەندنی دانیشتوانی گوندەکان لە پرۆسەی ئەنفالدا. شەڕی ناوخۆ و گەمارۆ کەمێک کەرتی کشتوکاڵی بوژانەوە. کەرتی کشتوکاڵ کێشەی تایبەت بە خۆی هەبوو، لەوانە کێشەی یەکلانەبونەوەی موڵکایەتیی زەوی، کەم شارەزایی جوتیاران و خاوەن کێڵگەکان لە گەشەی بەروبوم و زانیاریی لە بارەی بازاڕی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی، نەبونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پشتبەستن بە ئامێری کۆن و نەریتیی، لەگەڵ ملکەچبونی ئەم کەرتە بۆ گۆڕانی کەش و هەوا، کەمیی ئاوی پێویست و دروستنەکردنی بەنداو بە مەبەستی کشتوکاڵیی. لابردنی رژێمی بەعس لە دوای 2003 و هاتنی بە لێشاوی داهاتی نەوت لە عێراقەوە دیسانەوە سەرنجی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ دورخستەوە، هێندەی تر جوتیارانی لە گوند و شارۆچکەکانەوە یان بۆ شار راکێشا یان هانیدان ئەوانیش ببن بە فەرمانبەری حکومەت بەو پێیەی کارێکی هەمیشەییە و دڵنیایی و ئیمتیازی زیاترە. کرانەوەی بازرگانییش وایکرد کە خاوەن کێڵگەکان نەتوانن کێبڕکێی بەروبومی کشتوکاڵیی وڵاتانی دراوسێ بکەن، لەوانە ئێران و سوریا و تورکیا. ئەوەش پێویستە ئاماژەی پێبکرێت کە لە بودجەی حکومەتی هەرێمیش، کەرتی کشتوکاڵ پێگەیەکی بەهێزی نەبووە و کەمی بۆ تەرخان کراوە. لە بودجەی 2013دا، لە 16.28% بۆ ئاوەدانکردنەوە و خانوبەرە بووە، بەڵام تەنیا 4.48% بۆ کشتوکاڵ تەرخانکراوە. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەو نەخۆشییەی کە ناسراوە بە نەخۆشیی هۆڵەندیی و لە بەشی پێشودا باسکرا. لە دوای 2003، داهاتی تاکەکەس لە سایەی بەشە بودجەی عێراقەوە کە لە 17%ی بۆ هەرێم بوو، بەرز بوەوە. لە 2004دا داهاتی تاکەکەس نزیکەی 524 هەزار دیناری عێراقیی بوو، زیادی کرد بۆ 4،740 ملیۆن دینار لە 2008 و گەیشتە سەروو پێنج ملیۆن لە 2011دا( Regional Development Strategy for Kurdistan Region، 2012، p.22).
قەیرانی 2008ی وڵاتە یەکگرتووەکان کاریگەریی هەبوو لەسەر خاوبونەوەی گەشەی ئابوریی لە زۆر وڵاتدا، بە عێراقیشەوە کە هەرێمی کوردستان پێوەی بەستراوە، بەڵام ئەمە هۆکاری سەرەکیی نەبوو بۆ دروستبونی قەیران لە هەرێمی کوردستاندا. لە کۆتایی 2014 و سەرەتای 2015 قەیرانەکە پتر قوڵبوەوە و بووە هۆی پەکخستنی خواستی گشتی لەسەر کڕینی کاڵاوخزمەتگوزاریی دوای ئەوەی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵی عێراقەوە بڕدرا. ئەم پەکخستنە بازاڕی هەرێمی توشی راچڵەکین کرد، فرۆشی لە زۆر جێگادا لەماوەی دوو مانگدا بە (100%) دابەزاند. ئەگەرچی لە هەندێ جێی تردا داهاتی بوژاندەوە (چاوپێکەوت لەگەڵ هۆما و سامسۆنگ، 2014/2/27)، بەڵام بە تێکڕا ئابوریی هەرێم توشی قەیران بوو.
دۆخی هەرێمی کوردستان تایبەتە. سیستمی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا گەشەی نەکردووە تا بەرپرسیارێتی بخرێتە ئەستۆی بانکەکان، وەک ئەوەی لە زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتوودا دەبینرێت. زۆربەی بانکەکان تا بەر لە قەیرانەکە موڵکی کەرتی گشتیی بون، وەک سندوقێک تەنیا پارەیان تیادا هەڵدەگیرا. سیاسەتی نەختینەییش بەدەست هەرێمی کوردستانەوە نییە تا بانکی ناوەندیی پشتیوانیی بانکەکانی کەرتی تایبەت بکات کاتێک مایەپوچ دەبن. لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بە دەگمەن لە بانکەکانی کەرتی تایبەتدا هەڵگرتنی رێژەیەکی یەدەگ و ناردنە دەرەوەی بەشەکەی تری سپاردە (ودائعی بانکەکان) دەبینرێن. بانکەکان و حکومەت قەرز دابین دەکەن، بەڵام مایەپوچبونیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. کاتێک بانک توشی مایەپوچبون دەبێت کە شوێنی پاشەکەوتکردن بن و پارە بدەن بە قەرز، لەناکاو خەڵک پارەکانیان لە بانکەکان رابکێشێتەوە (کە ناسراوە بە liquidity crisis)، یان خۆی توشی زەرەر ببێت بەهۆی سیاسەتی هەڵەی وەبەرهێنانەکانیەوە (کە ناسراوە بە solvency crisis). هۆکاری مایەپوچبونیان لە هەرێمی کوردستاندا کەمتر پەیوەندیی بە پلانی وەبەرهێنانیانەوە هەیە. ئەوەی توشی مایەپوچبونێکی رێژەیی بوو بریتیی بوو لە حکومەت (نەک بانکەکان) لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، یان وڵاتێک دەوڵەتی هەبێت حکومەتەکەی توشی مایەپوچبون نابێت، بەڵکو یارمەتیی بانکەکانی دەدات. حکومەتی هەرێم نەیدەتوانی قەواڵە بفرۆشێت یان قەرزبدات. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی قەیران لە هەرێمی کوردستاندا تا ئەمڕۆ. هەر ئەمەش وادەکات کە چارەسەرەکانیشی جیاواز بێت بەراورد بە وڵاتانی تر کە دەوڵەتیان هەیە یان پێشکەوتوون. هەر بۆیە مەرج نییە بەرنامەکانی بانکی نێودەوڵەتیی و سندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگونجێن.

**2-هۆکارەکانی قەیرانی 2014 لە هەرێمی کوردستاندا :**

سەرەتا پێویستە پێداچونەوەیەک بە دۆخی ئابوریی هەرێم بەر لە قەیرانەکە، بکەین. راستە هەژمونی حکومەتی ناوەند بەسەر هەرێمدا و سنورداریی دەستەڵاتەکانی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم بەشێکن لە هۆکارەکانی دروستبونی قەیرانی ئابوریی لە 2014دا، بەڵام چەندین هۆکاری ناوخۆیی هەبوون کە بەشداربون لە دروستکردنیدا.

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية ص:73-95
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**2.1 نەبونی دەوڵەت و ململانێی ناوچەیی :**

پرۆفیسۆری زانستی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی پرینستن دانی رۆدریک ( Dani Rodrik)لە وتارێکیدا بەرگری لە رۆڵی دەوڵەت دەکات لە سەردەمی جیهانگیرییدا و رای وایە ئەوە تەنیا دەوڵەتە خەڵکەکەی پەنای بۆ دەبەن بۆ چارەسەر کاتێک قەیرانە جیهانییەکان رویان تێدەکات (Rodrik، Dani، The Nation-State Reborn، 2012/2/13). واتە لە کاتی قەیراندا هەموان چاویان لەسەر دەوڵەتە.

لە عێراقدا، وەکو هەر دەوڵەتێکی دیکە، هەڵهاتن لە بانکەکان رودەدات و قەیرانی سیولە دروست دەبێت، بەڵام بانکی ناوەندیی مافی چاپکردنەوەی پارە یان قەرزکردنی هەیە، کەچی حکومەتی هەرێم مەگەر بە پێشێلکردنی یاسا ئەم هەنگاوانە بنێت. وەک ئاماژەی پێدرا، سیاسەتی نەختینەیی بەدەست بانکی ناوەندییەوەیە و تا ئێستاش ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغداد رێگا نادات کە حکومەتی فیدراڵ وەک شارەکانی دیکە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات.

سیاسەتە هەڵەکانی عێراقیش لە بواری بەرهەمێناندا، بۆ نمونە پشتبەستن بە نەوت، بۆی هەیە زیانی بۆ سەر ئابوریی هەرێم هەبێت. ئەگەر حکومەتی عێراق داهاتەکانی ئاراستەی بواری سەربازیی و جەنگ بکات، هەرێمیش بە هەمان ئەندازە روبەروی مەترسی دەبێتەوە. هاوکات دەوڵەتانی ناوچەکەش، وەک تورکیا و ئێران، کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر پلانی ئابوریی و چاکسازیی ئابوریی هەیە لە هەرێمدا. برینی بەشە بودجەی هەرێم (17%) بەڵگەیەکی تری پاشکۆیەتییە. کەواتە کێشەی ناوچەیی هۆکارێکی قەیرانەکەیە. هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ عێراقدا لە ململانێیەکی دورودرێژدا بووە بۆ دەیان ساڵ کە کێشە ئابورییەکانی لەم دەڤەرەدا قوڵتر کردوەتەوە. سەرباری گرنگی بونی دەوڵەتی ددانپێدانراو لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانەوە، مەرج نییە تەنیا کلیلی چارەسەری قەیرانیش بووبێت. وڵاتانی پێشکەوتوی وەک وڵاتە یەکگرتووەکان و تەواوی ئەوروپا و کەنەدا و یابان و ئوسترالیا توشی قەیرانی قوڵ هاتون، کەچی دەوڵەتی خۆیشیان هەیە. زۆر نەتەوەش هەن دەوڵەتیان هەیە و ئابورییەکەیان گەشەی بەرچاوی بەخۆوە نەدیوە یان دیموکراسی و گەشەسەندن رویاننەداوە، لەوانە کۆریای باکور، لیبیا، ڤەنزوێلا، سوریا، چاد و نایجیریا. کەواتە ناکرێت تەواوی قەیران ببەستینەوە بەوەی هەرێمی کوردستان سەڵاحیاتەکانی دەوڵەتی پێ نەبەخشراوە. لە خوارەوە ئاماژە بە بەشێک لە هۆکارە ناوخۆییەکانی تایبەت بە حکومەتی هەرێم دەکەین. سەرەتا دەبێت ئەوە بوترێت کە پەیدابونی جەنگی دژی تیرۆر لە حوزەیرانی 2014 پاش داگیرکردنی شاری موسڵ و چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق هۆکارێکی تری قوڵبونەوەی قەیرانەکە بوو. ئەم جەنگە تا سەرەتای پایزی 2017 بەردەوام بوو، کە نزیکەی (10000) پێشمەرگەی تیادا بریندارکرا، دروستکردنی بارگرانیەکی دیکە بوو لەسەر خەرجی گشتی هەرێم، وەبەرهێنان پتر پاشەکشەی کرد. ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بە رێژەی 28% لە ماوەیەکی کەم دوای پەلامارەکەی داعش بۆ سوریا، زیادیکرد. تێچووی سەقامگیرکردنەوەی ئاوارەکان بە 1.4$ ملیارد خەمڵێنراوە. گەشەی ئابوریی بە رێژەی 5% گرژبونەوەی بەخۆوە بینی ( World Bank، The Kurdistan Region of Iraq: Assessing the Economic and Social Impact of the Syrian Conflict and ISI، April 15، 2015). بەڵام بەرزبونەوەی رێژەی هەژاریی لە 3.5% بۆ 8.1% و وەستانی گەشەی ئابوریی و بەرزبونەوەی رێژەی بێکاریی ناتوانرێت بگێردرێتەوە بۆ تەنیا هۆکارێک کە ئەویش شەڕی دژی داعش بێت. هەر لەم ماوەیەدا حکومەتی هەرێم توانی لە کێڵگەکانی نەوتی کەرکوکەوە نەوت هەناردە بکات و داهاتی خۆی زیاد بکات. لە برگەکانی دواتردا کاریگەرییەکانی قەیرانەکە رونتر دەکرێنەوە.

**2.2 بونیادی ئابوریی، حکومەتی زەبەلاح و نایەکسانیی :**

لە بەشی تیۆرییدا کێشە بونیادییەکانی ئابورییەکانی وڵاتانی تازەگەشەکردوو، بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا باس کراون. بەبێ شۆڕبونەوە بەناو رەگوڕیشەی بونیادی ئابوریی هەرێمی کوردستان ئەستەمە لەوە بگەین بۆ ئابوریی هەرێم توشی قەیرانی قوڵ دەبێت.

لە دوای برینی بەشە بودجەی هەرێم لە سەرەتای ساڵی 2014دا، هەرێمی کوردستان نزیکەی (75%) دەستهاتی خۆی لە دەستدا، کە بەشێکی پەیوەندیی بە هەڵەی سیاسەتی نەوتەوە بوو. هەرێمی کوردستان دوای پرۆسەی ئازادیی لە ساڵی 2003 توانی وەبەرهێنان رابکێشێت بۆ خۆی بەهۆی ئەو سەقامگیریی و ئاسایشە رێژەییەی هەیبوو. لە ماوەی ساڵانی (2006–2015) قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە نزیکەی (41 ملیاردولار) (Kurdistan Region، Board of Investment، Licensed projects،2016). بەڵام ئەم وەبەرهێنانە بەشێوەیەک ئاراستە نەکرا کە لاسەنگییەکانی ئابوریی هەرێم، بەتایبەت پشتبەستن بە نەوت، کەمبکاتەوە. لەم وەبەرهێنانەدا، خانوبەرە پشکێکی گەورەی بەرکەوت و کشتوکاڵ پشکێکی بچوک (Regional Development Strategy for Kurdistan Region، 2012، pp.29-33).

وەک زۆر لە وڵاتانی تر، بە وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە، گەشەی ئابوریی لە هەرێمدا لە ماوەی 10 ساڵی رابردوی بەر لە قەیرانەکە لەسەر بڵقی ئابوریی دروست بووبوو. حکومەتی هەرێم متمانەی بە دەستوری حکومەتی عێراق و نرخی نەوت هەبوو.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لێشاوی داهاتی نەوت وایکرد کە سیاسەتی دارایی فراوانخوازیی بەکاربهێنن، خەرجییەکی زۆر کرا لەکاتێکدا سیستمی باجیش لاوازە. چەنێک بەکاربردن بەهێز دەبوو، هێندە پاشەکەوت لاوازە دەبوو، کە بڕبڕەی پشتی وەبەرهێنانە. حکومەت بەشی زۆری داهاتەکەی بۆ خەرجیی تەشغیلیی بوو، وەبەرهێنانی لاواز بوو (بڕوانە خشتەکەی خوارەوە). وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتیش بە حکومەتەوە بەند بوو. مێژوو سەلماندویەتی کە نرخی نەوت جێگیر نییە. لە کاتێکدا نرخی بەرمیلی نەوت تا 2010 بەرزدەبوەوە، لە کۆتایی 2015 دابەزی بۆ 27 دولار، ئەمەش بوو بە هۆی کەمبونەوەی دەستهاتی حکومەتی هەرێم لە فرۆشتنی نەوتی خاو. هەروەها لە کاتی زیادبونی داهاتی نەوتدا، نرخی دراوی ناوخۆ بەرزدەبێتەوە، بۆیە هاوردە بەهێز دەبێت و هەنارده لاواز دەبێت (لە خوارتر دەگەڕێینەوە بۆ ئەم خاڵە). لە ئاکامدا، ناهاوسەنگیی لەنێوان پاشەکەوت و وەبەرهێنانی ناوخۆیی بوو بەهۆی قوڵبونەوەی ناهاوسەنگیی لە بازرگانیی دەرەکییدا. بڵقی گەشەی ئابوری تەقی، لەگەڵیشدا ئەو ئایدیایانەی ئێمەیان دەبرد بەرێوە پوچەڵ بونەوە. ئاکامی کۆتایی ئەوە بوو کە حکومەت بوو بە ژێر قەرزێکی زۆرەوە و سەرچاوەیەکی زۆری بەفیڕۆ برد. حکومەتی گەورە لە روی خەرجییەوە و لاوازی دەزگاکانی، دەرگای لەبەردەم گەندەڵییش واڵاتر کرد. خێزانەکانیش توشی قەرزاریی بون دوای ئەوەی پارەیەکی زۆریان لەسەر بەکاربردن خەرجکرد. کەرتی تایبەتیش توشی قەرزاریی هاتون. ژمارەی بانکە ئەهلییەکان لە 16 بۆ 24 لە نێوان 2004-2009دا زیادیان کردبوو. لە 2009دا، سپاردە لە بانکەکاندا ( Bank deposits) گەیشتبووە نزیکەی دوو ملیارد دینار (Regional Development Strategy for Kurdistan Region، 2012، p.41). حکومەت پەنای بۆ بردنی ئەو برە پاشەکەوتە برد کە بەشێک لە خێزانەکان لە بانکەکان دایانابوو. ئەمە وایکرد خەڵک هێندەی تر متمانەی بە بانکەکان نەمێنێت. بەدوایدا، بەشێک لە بانکەکانیش توشی مایەپوچبون و قەرزاریی هاتن. حکومەت تەنیا بەپێوەری خەرجییەکانی لە ریزی حکومەتێکی گەورەدا دانەدەنرا، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری کارمەندی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و دایمەزراندن. بە نزیکەیی بەشی زۆری خەڵک لەوە تێگەیشتوە قەبارەی حکومەت هێجگار گەورە بووە. لە ماوەی ساڵانی ( 2003 – 2013 ) بری 72 ملیار دۆلار هاتوتە هەرێم، لەو ماوەیەدا حکومەتی هەرێم بەبێ بونی بەرنامەیەکی تۆکمە و پلانێکی ئابوریی خەرجییە گشتییەکانی ئاراستەی ئابورییەکە کردوە، زیاتر لە (70%) بۆ خەرجیی کارپێدان(تشغیلی) تەرخان کراوە و کەمترینی بۆ خەرجی وەبەرهێنان بووە. خشتەکەی خوارەوە خەرجییەکانی حکومەت و پشکی وەبەرهێنان لە کۆی خەرجیی لە نێوان 2005-2009دا پیشاندەدات:

خشتەی -2-

کۆی خەرجی گشتی لە نێوان 2005-2009 (بە ملیۆن دیناری عێراقی)

| ساڵ | خەرجیی تەشغیلیی | خەرجیی وەبەرهێنان | کۆی خەرجیی | ڕێژەی تەشغیلیی لەکۆ |
|---|---|---|---|---|
| 2005 | 1,616,767 | 420,000 | 2,036,767 | %79.40 |
| 2006 | 1,902,886 | 420,000 | 2,322,886 | %81.90 |
| 2007 | 5,562,104 | 2,285,556 | 7,847,660 | %70.90 |
| 2008 | 6,154,092 | 3,387,279 | 9,541,308 | %64.50 |
| 2009 | 5,979,834 | 2,303,338 | 8,283,172 | %72.20 |

سەرچاوە:

Regional Development Strategy for Kurdistan Region, KRG, 2012, table 10, p.41.

http://www.mop.gov.krd/resources/MoP%20Files/PDF%20Files/gd_ps/regional_development_strategy.pdf

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:73-95
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

خشتەی (2) دەریدەخات کە خەرجیی تەشغیلیی ڕێژەیەکی بەرز بووە و خەرجیی وەبەرهێنانەکانی حکومەت کەم بووە، سەرباری ئەوەی قەیرانەکە سەلماندی بەشێک لەو وەبەرهێنانە بە پێی پلانی ورد نەکراوە بەڵکو بەفیرۆ چووە. لە بەرامبەر خەرجییەکاندا، سەرچاوەکانی داهات نەوت بووە و ڕێژەی باجیش لە کۆی داهاتی حکومەت نزم بوو.بەپێی راپۆرتێکی فەرمی، لە کۆی (1،101،748) کارمەند نزیکەی لە (50%)ی کارمەندان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ کەرتی گشتی کاردەکەن(تقرير مسح القوى العامله فی اقليم كوردستان 2012، ل12). پێوەرێکی تری گەورەیی خەرجییەکانی حکومەت بریتییە لە ڕێژەی خەرجیی حکومەت بۆ کۆی داهاتی گشتی. کۆی بەرهەمی ناوخۆ نزیکەی (22) ملیار بووە لە 2011دا، کە نزیک بە لە (58%)ی خەرجییەکانی حکومەت پێکیهێناوە، لە کاتێکدا لە ئوردون ڕێژەی(26.9%) و لە ئیماراتی عەرەبی ڕێژەی (24.3%) بووە لە هەمان ساڵدا. خەرجیی بەکاربردنی حکومەت نزیکەی (44%)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکهێناوە. گرفتی دووەمی خەرجییەکانی حکومەت خەرجیی زەبەلاحی سەروەریتیی (سیادیی) و سەربازییە، کەمتر لەسەر خوێندن و تەندروستیی خەرجکراوە. پیشەسازیی و کشتوکاڵیش فەرامۆشکران، کە دوو بڕبڕەی پشتی گەشەی درێژخایەنی ئابوریین. کێشەی کەرتی خانوبەرەش ئەوەیە کە دوای تەواوبونی پرۆژەکان هیچ بەرهەمهێنانێکی نوێ ناهێنێتە ئاراوە و وەک کەرتی پیشەسازیی نییە کە ڕایەڵەکانی بەرەودوای (الروابگ الخلفيه و الرماميه) پتەوە. گەورەبونی کەرتی گشتی فاکتەری سەرەکییە لە پشت گەورەبونی کەرتی خزمەتگوزارییەوە. لە (77.3%)ی هێزی کار لە کەرتی خزمەتگوزارییدا کاردەکات، بەراورد بە لە (16.6%) بۆ پیشەسازیی و لە (6.1%) بۆ کشتوکاڵ (حکومەتی هەرێم، وەزارەتی پلاندانان، 2012، ل ل23-25).هەموو ئەمانەش پشتبەستوو بە حکومەتی کرێخۆر بوو، حکومەتێک کە پتر لەسەر سامانێکی سروشتیی دەژی و بە تێچوییەکی کەم بەراورد بەو داهاتەی لێی دەستدەکەوێت، سامانە سروشتییەکە دەردەهێنێت. لێرەوە نەخۆشی هۆڵەندیی (بەرزبونەوەی ڕێژەی ئاڵوێر و زۆری هاوردە) بە جەستەی ئابورییەکەدا بڵاوبوەوە. مەترسی دووەمی ئەم جۆرە ئابوریانە لاوازکردنی ڕۆڵی یاسایە.

بەکورتی، خستنەگەڕی سیاسەتی دارایی هەرێم بەر لە 2004 و دواتر لە سنوری ئەو دەستەڵاتە ڕێژەیییانەی لە خەرجکردندا هەیبوو لە دوای 2004ەوە (وەکو دەستەڵاتی دامەزراندن) گرفتی لە پەیکەربەندیی ئابوریدا قوڵتر کردەوە. سەبارەت بە حکومەتی زەبەلاح، لای کەم بۆ دونیای ئێستای ئێمە، تیۆرییەکەی میلتن فریدمان و رۆز فریدمان دروستە. هێشتا زۆر گۆڕانکاریی دیکە هەیە، لەوانە دیموگرافی، کە دەشێت لە ئایندەدا فشاری زیاتر بخاتە سەر بودجە. یەکێک لەو گۆڕانکاریانە بەرزبونەوەی ڕێژەی بەساڵاچوانە بۆ کۆی ڕێژەی هێزی کار و دانیشتوان. هەرچەند تێکڕای تەمەن زیاد بکات، لە داهاتوودا خەرجییەکی زیاتر پێویستە بۆ ئەوەی پێداویستیی بەساڵڕچوان دابینبکرێت. ڕەگێکی قەیرانی لەناکاوی (2014)ی هەرێمی کوردستان بەرهەمی گەورەبونی نایەکسانییە. لە هەلومەرجێکدا کە پارە لە دەستی زۆرینەوە دەچێتەوە دەستی کەمینە، ئەگەری پاشەکشەی خواستی گشتی چاوەڕوانکراو دەبێت. سستیی مەیلی پاشەکەوتکردن تەنیا بەهۆی بەرخۆریی و لاوازیی سیستمی داراییەوە نییە، بەڵکو بەهۆی خاویی بەرزبونەوەی ئاستی داهات و گەورەبونی نایەکسانیی و چڕبونەوەی پارەیە لە دەستی کەمینە. نایەکسانی داهات مەودای قەیران درێژدەکاتەوە و بەرگەگرتنی گەمارۆی ئابوری سەخت دەکات. ئەمەش دیاردەیەکە لە وڵاتانی نەوتییدا بەرچاوترە وەک لە وڵاتێک ئابوریەیکی هەمەڕەنگی هەبێت و پێشکەوتوو بێت. دابەشکردنی داهات ڕویەکی ئەم نایەکسانیەیە. پێوەری داهاتی تاکەکەس کە نزیکەی (400$ مانگانە) بووە(دەستەی ئاماری هەرێم)، لە ساڵی (2011)دا دەریدەخات گوزەران باشترە لە (2003) کە لە ساڵێکدا (500) هەزار دینار بووە(KRG، Ministry of Planning، 2011، p.1)، کە ڕێژەیەکی بەرز نییە. بەڵام پێوەری گرنگتر هەیە. نزمترین موچەی فەرمانبەر لە حکومەتدا نزیک بە (300) هەزار دینار دەوەستا هەتا بەر لە 2014، کە بەراورد بە موچەی وەزیرێک (نزیکەی 10 ملیۆن دینار) دەکاتە ڕێژەی (3%). بەشێک لە نایەکسانی داهات ئاستی خوێندەواریی دیاری دەکات، ئەمەش لەرویەکەوە کاڵایەکە بە میراتی نەوە لە دوای نەوە جێماوە. ڕێژەی نەخوێندەواریی لەسەر ئاستی هەرێم لە (18%)ی دانیشتوان بووە لە 2012دا، لە گوندەکاندا گەیشتوەتە لە (24.7%)(حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2012، ل11).بێگومان جەنگ لە 1980کان و گەمارۆی ئابوریی لە 1990کان و رژێمی سیاسیی بەعس و شەڕی ناوخۆ هۆکاری سەرەکیی فراوانبونی روبەری گەندەڵیی بوون. بەڵام حکومەتی گەورە و خەرجیی زەبەلاح و کۆنترۆڵکردنی هێزی کار لە حکومەتدا، لەگەڵ فراوانبونی دەستەڵاتی حزب بەسەر ئابورییەکەدا، هێندەی تر گەندەڵیی فراوانکرد. گەندەڵیی زۆر کاریگەریی خراپ لەسەر کارایی ئابوریی جێدەهێڵێت، بەرچاوترینیان ئەوەیە بیرۆکراتەکانی حکومەت دەزگای گشتیی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنن. فراوانکردنی روبەرەکانی نایەکسانیی و زیانگەیاندنە بە سەرمایەی مرۆیی لەو روەوە تاکەکان کەمتر ئامادە دەبن لە سەرمایەی مرۆییاندا وەبەرهێنان بکەن کاتێک دەبینن واستە و وەبەرهێنان لە پەیوەندیی سیاسییدا فاکتەرێکی گرنگی کاردۆزینەوە و پلەبەرزکردنەوەیە( Konadu-Agyemang، Kwadwo and Shabaya، Judith، 2005، p.131).گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکدایە کە راپۆرتە جیهانییەکان ددانی پێدا


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

دەنێن(Pring، Coralie، KRI: Overview of corruption and anti-corruption، 2015،(p.2، کە ئەمە باسێکی تایبەتە و ئەم توێژینەوەی بۆ تەرخان نییە.
بەکورتیی، هەندێک بەخێرایی دەوڵەمەند دەبن و هەندێک بەهێواشی لە هەژاریی رزگاریان دەبێت. گەورەبونی نایەکسانی لە پشت کۆمەڵگەیەکی لاواز و ناسەقامگیر و قەیرانی ئابورییەوەیە.

### 2.3 ئاکامەکانی قەیرانەکە :

دەکرێت ئاماژە بە هەندێک لە دەرئەنجامە ئابورییەکانی ئەو قەیرانە بدرێت، لەوانە:-
•نزمبونەوەی گەشەی ئابوریی بە جۆرێک بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی لە ساڵانی (2003–2013) ڕێژەی ساڵانەی گەشەی ئابوریی گەیشتوەتە (5%)، بەڵام پاش ساڵی 2014 ئەو ڕێژەیە نزیک بوەتەوە لە سفر، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا.
•بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاریی لە نزیکەی (4%) لە ساڵی 2013 بۆ ڕێژەی (14%) لە 2016دا( Sanger Ali، Unemployment rises to 14 percent in Kurdistan: planning ministry، Sep. 21، 2016).
•بەرزبونەوەی ڕێژەی ئەو کەسانەی لە ژێر هێڵی هەژارییەوە بون لە (3.5%)وە بۆ (15%) ( Poverty rate in Kurdistan Region quadrupled to 15 percent، official، Rudaw، 2016/12/28)
•نزمبونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان بەتایبەتی نرخی خانوبەرە و مۆبێلیات و زەوی نیشتەجێکردن.
•بەشی زۆری لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی فرۆشتنی نەوت و خراپ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و فرۆشتنی نەوت بە قەرز بە کۆمپانیاکانی (ڤیتول و تراڤیگۆر و بیتراکۆ)، قەرزێکی زۆر لەسەر هەرێمی کوردستان کەڵەکە بووە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە خۆی ئەدات لە زیاتر لە (17ملیار دۆلار) (Snow، Andrew، Kurdistan Region's Debt Crisis، May 9، 2018).
•هەردوو وەبەرهێنان و بەکاربردن پاشەکشەیەکی گەورە و خێرایان کرد. سەبارەت بە وەبەرهێنان، نزیکەی 3،500 پرۆژەی وەبەرهێنان کە لەلایەن حکومەتەوە یان سەرپەرشتیی کراوە یان هاوکاریی کراوە، سڕ کران. هاوکات حکومەتی هەرێم نەیتوانی پارەی کۆمپانیا بیانییەکان بدات بەدرێژایی 2015 کە خۆی لە 378$ ملیۆنی جێنێل((Genel، نزیکەی 250$ ملیۆنی گەڵف کیستۆن( (Gulf Keystoneو لەنێوان 500$ بۆ یەک ملیار دۆلاری دی ئێن ئۆ ((DNOش. هەرچی بەکاربردنە، ئەوا لەلایەن خێزانەکانەوە بە ڕێژەی 14% لە 2014 و 24% لە 2015دا دابەزی. ئەمەش سەرهەڵدانی چەندین کاریگەریی ( کۆمەڵایەتی و دەرونی و تەندروستی و ..... هتد ) ترسناکی دیکەی لەناو کۆمەڵگەدا لێکەوتەوە، کە ئامانجی ئەم باسە نییە ئاوڕیان لێ بداتەوە (Manis، 2016، 7-8 ).
•کەرتی کشتوکاڵ بوژانەوەیەکی لاوازی بەخۆیەوە بینی. هۆکارەکانی ئەم لاوازییە پێشتر باسکران. بەڵام لەکۆتایی 2017 بەرهەمهێنانی هەندێک بەروبومی کشتوکاڵی زیادیان کرد، وەک گەنم و پەتاتە و هەنار و مریشک و میوە. ئەمەش دوای ئەوەی هەلی کار لە کەرتەکانی دیکە لاواز بوو، هەندێک لە هاوڵاتیان ڕویان کردەوە کەرتی کشتوکاڵ بۆ بەدەستهێنانی داهات. بەشێوەیەکی گشتی، بڕی بەرهەمهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا بە هەردوو بواری بەرهەمهێنانی ئاژەڵی و ڕوەکی گەشەی باشیان کرد لە ماوەی (2014 – 2017 ) دا (ئەمە خۆی لە خۆیدا بە خاڵێکی ئەرێنی هەژمار دەکرێت بە مەرجێک بەردەوام بێت).

## بەشی سێهەم

## بەرنامەی چاکسازیی ئابوریی و چارەسەری قەیرانی ئابوریی هەرێم

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم قەیرانەدا دەستیکرد بە بانگەشەکردن بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ئابوریی بە مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان و زیادکردنی دەستهاتە گشتییەکان. لە گرنگترین هەنگاوەکانی چاکسازیی ئەمانەبوون.

### 1. هەنگاوە سەرەتاییەکانی چاکسازیی پێش قەیران :

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش ساڵی 2003 و دوای ئەو مێژووەش هەنگاوی ناوە لە بواری بەتایبەتیکردنی ئەو پرۆژانەی قازانجیان کەم بوو و بارگرانیی بون بەسەر بودجەی گشتییەوە. کەواتە ئەکرێت ئەنجامدانی بەتایبەتیکردن بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی چاکسازیی دابنرێت، ئەوەش نەک وەک کارێکی بەرنامە بۆدارێژراو، بەڵکو وەک دیفاکتۆیەکی ئابوریی بۆ ئەو سەردەمەی حکومەتی هەرێم. لەم خشتەیەی خوارەوەدا هەندێک لە بەرنامەکانی بەتایبەتیکردن لە کەرتی پیشەسازیی لە ماوەی ساڵانی ( 2002– 2008 ) وەک نمونە دەردەکەون.
لەم خشتەیەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پرۆسەی بەتایبەتیکردن لە ساڵی 2002ەوە پتر کەوتوەتەگەڕ لە هەرێمدا، بەبێ بونی پلان و بەرنامەیەکی ئابوریی دارێژراو کە ئامانجی ئەنجامدانی چاکسازیی ئابوریی ریشەیی بێت، بەڵکو پتر وەلانانی ئەو پرۆژانە بووە

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:73-95
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

که بارگرانیی بوون بەسەر خەرجییە گشتییەکانەوە. لە هەرێمی کوردستاندا لە سەرەتای سەدەی 21دا، تەنها (20) کارگەی گەورە هەبون، (13) کارگەیان کە لە ئاستی پێویست نەبون بەو جۆرەی لە خشتەکەدا ڕونکراوەتەوە، ڕادەستی کەرتی تایبەتی کراون. خۆ ئەگەر پلانێکیش هەبوبێت، ئەوا ئیشی پێنەکراوە.

خشتەی – 3 –

ژمارەی پرۆسەکانی بە تایبەت کردن لە کەرتی پیشەلە هەرێمی کوردستاندا ( 2002 – 2008 )

| ز | کارگە | شێوازی بە تایبەت کردن | سال |
|---|---|---|---|
| 1 | جگەرەی هەولێر | بەکرێ | 2002 |
| 2 | ڕوخامی هەولێر | بەکرێ | 2002 و2004 |
| 3 | جگەرەی سلێمانی | گرێبەستی شەراکەت | 2004 |
| 4 | چیمەنتۆی تاسولجە | بەکرێ | 2004 |
| 5 | چیمەنتۆی سەرچنار | بەکرێ | 2005 |
| 6 | جل وبەرگی سلێمانی | بەکرێ | 2006 |
| 7 | ئاوی کانزایی بانی خێلان | بەکرێ | 2005 |
| 8 | خوێی یۆدی بازیان | بەکرێ | 2007 |
| 9 | ڕۆنی عەربەت | بەکرێ | 2007 |
| 10 | شیرەمەنی بانی خێلان | بەکرێ | 2008 |
| 11 | ڕستنو چنینی هەولێر | پاکتاو کردن | 2006 |
| 12 | چنینی دهۆک | پاکتاو کردن | 2008 |
| 13 | ڕۆنی ئاکرێ | بەکرێ | 2008 |

سەرچاوە / قادر، احمد اسماعيل، تحليل تجارب دولية مختارة في الخصخصة مع التركيز على تحليل و تقييم عمليات خصخصة القطاع الصناعي في اقليم كوردستان العراق للمدة ( 1997 – 2008 )، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الأدارة و الأقتصاد، جامعة السليمانية، غير منشورة، 2009.

پێویستە لێرەدا ئاماژەیەک بدرێت بە ڕاستییەک کە لە دوای ساڵی 2009 تا 2017 بێجگە لە کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە لەگەڵر کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار (لە ساڵی 2010 بە یەکجاری داخرا) بەرهەمی چیمەنتۆ نزیکەی (10000 تەن) بووە لە ڕۆژێکدا، بەڵام دواتر چەند کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ دامەزرێنران ئەوانیش (بازیان، ماس، گاسن، بازیانی 2). لە کۆتایی ساڵی 2017 ڕۆژانە لە پارێزگای سلێمانی نزیکی (60 هەزار تەن) چیمەنتۆ بەرهەمدەهێنرێت. دەکرێت بگوترێت کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان خاوەنی تایبەتمەندیی ڕێژەیی خۆیەتی لە کەرتی پیشەسازیی بواری بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازیی (وەک شیشی ئاسن، چیمەنتۆ، بلۆک، گەچ، چەو، لم). ئەمەش وایکرد هەنگاوێکی تر پرۆسەی بەتایبەتیکرن خێرا و چالاک بکات. گەشەی ئەم کارگانەش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی هەبووە و هەیە بە خەرجییەکانی حکومەت و ئاراستەی وەبەرهێنانەکانی ڕووەو کەرتی بیناسازیی و خانوبەرە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

### 2. کار و بەرنامەی ڕووبەڕووبونەوەیقەیران لەنێوان (2014–2017)

لە ساڵی 2014دا پاش پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەوتیی هەڵە لە هەرێم بە ئاواتی بەدیهێنانی چەند مەبەست و ئامانجێک، کە پتر سیاسی و بەرژەوەندیی ئابوریی بەرتەسک بون، کەمترین داهات دەگەڕایەوە بۆ حکومەتی هەرێم. پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت و بەبازاڕکردنی، ڕووبەڕوی چەندین گرفت و ئاستەنگی سیاسی و یاسایی و کارگێریی ببوەوە و بوەتەوە، ئەمەش وایکردوە ئەم پرۆسەیە ئامانجە ئابورییە بنچینەییەکانی خۆی نەپێکێت بەشێوەیەک دەستهاتەکانی نەوت نەیانتوانی نیوەی خەرجییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم پڕبکاتەوە.

ئەم بارودۆخە ئابورییە ناڵەبارە لە ماوەی ساڵانی (2014–2017) بوو بەهۆی ئەوەی خەرجی گشتی زۆر کەم بوەوە و حکومەتی هەرێم قەرزێکی زۆری کەوتە ئەستۆ وەک ئاماژەی پێدرا. لەم سۆنگەیەوە جارێکی دیکە حکومەت بیری لە چەند گۆڕانکارییەک کردەوە بە مەبەستی زۆرکردنی دەستهاتی گشتی و کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان، کە لەم خاڵانەدا خۆی بینیەوە:

#### 2.1 لایەنی کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان:

بەشی زۆری پەرچەکردار و چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێم لە دوای قەیرانی 2014وە لایەنی سیاسەتی دارایی گرتەوە کە بە سیاسەتی سکەهەڵگوشین ناسراوە، لەوانە سەپاندنی سیاسەتی کەمکردنەوەی موچەی زۆرینەی فەرمانبەران بەڕێژەی جیاواز لە سەرەتای ساڵی (2016)، کە بە تێکڕا مەبەست لێی کەمکردنەوەی خەرجیی موچە بوو بە بڕی (250) ملیۆن دۆلار مانگانە. ڕێژەی پاشەکەوت لە نێوان 25% بۆ 75%دا بوو، لەگەڵ خانەنشینییدا لە زیاتر لە یەک ملیۆن و چوارسەد هەزار فەرمانبەر کەمکراونەتەوە، سەرباری دواکەوتنی موچە. کەمکردنەوەی موچە بەو ڕادە بەرزە ناچێتە خانەی چاکسازییەوە، بەڵکو لای زۆر لە پسپۆڕان زیانی بە گەشەی ئابوریی گەیاندووە (Manis، ibid، 15). کەمکردنەوەی خەرجکردنی پارە بۆ گەشت و ناردنی فەرمانبەران بۆ دەرەوەی وڵات، کەمکردنەوەی خەرجی فەرمانگەکان و نەسریە و زۆر بواری هاوشێوە، کەمکردنەوە و بچوککردنەوەی قەبارەی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و دوبارە داڕشتنەوەی پەیکەربەندیی کارگێڕیی هەندێک لە وەزارەت و فەرمانگەکانی ئەو وەزارەتانە، ڕێکخستنەوەی لیستی موچە بە شێوەیەک تا ڕادەیەک پاککرایەوە لەو کەسانەی دەوامیان نەدەکرد و موچەیان لە چەندین شوێنی حکومەت وەردەگرت. هەر لەم پرۆسەیەشدا موچەی فەرمانبەرانی حکومەت کەمکرایەوە (Goran، KRG reduces employees’ salary، 2016). بەرنامەکانی بانکی نێودەوڵەتییش بۆ هەرێمی کوردستان پشتیوانی کەمکردنەوەی خەرجیی حکومەت دەکەن (البنک الدولی، إیلاحات اقتیادیە ستساعد علی تحقیق النمو المستدام والاشتمالی فی إقلیم کردستان العراق، 2016/5/30).

#### 2.2 لایەنی دەستهاتە گشتیەکان:

لە دیارترین هەنگاوەکان بریتیی بون لە زیادکردنی سەرجەم باجەکان (باجی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ)، زیادکردنی میرانە (رسومات) لە تەواوی فەرمانگەکانی حکومەت، سەپاندنی چەندین جۆری نوێ لە باج و ڕسومات بەسەر هاوڵاتیاندا (لەوانە هاتوچۆ) و زیادکردنی هەناردەی نەوت.

ئەو کارانە هەندێکیان لە بەرنامەی سندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتییدا بونیان هەیە بە تایبەتی لە سیاسەتی جێگیرکردنی ئابوریی بۆ ڕاستکردنەوەی لاسەنگی بودجەی گشتی و هاوسەنگکردنی تەرازوی پێدان(البنک الدولی، مێدر سابق، 2016/5/30)، بەڵام بە تەواوەتی ناچنە ناو چوارچێوەی بەرنامەی چاکسازییە ئابورییەکانەوە کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێدەدرێت و ناشگونجێن لەگەڵ دۆخی ئابوریی هەرێمی کوردستاندا، چونکە هەرێمی کوردستان دوو جەنگی نێودەوڵەتیی و گەمارۆ و شەڕی ناوخۆ زیانی گەورەی پێگەیاندووە، لەگەڵ ڕژێمی سیاسیی بەعسدا، حکومەتێکی گەورەی لاواز و ژێرخانێکی داتەپیوی بۆ بەجێماوە. هەروەها حکومەتی هەرێم یەک ڕێگای فەرمیی هەیە بۆ هەناردەکردنی نەوت، بەشی زۆری داهاتەکەیشی لە نەوتەوەیە، ئەویش ملکەچی ململانێیی ناوچەیی و ناوخۆییە. جگە لە سڕینەوەی موچەی ئەو کەسانەی کە دوو موچە و زیاتریان لە حکومەت وەردەگرت لە پرۆسەی بایۆمەتریکدا، زۆرینەی پەرچەکردارەکانی حکومەتی هەرێم زیانی هەبووە بۆ گەشەی ئابورییەکە، بەتایبەت بڕین و دواکەوتنی موچەی فەرمانبەرەکانی. پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوە کە پێچەوانەی زۆربەی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم و بانکی نێودەوڵەتییە، لە دوا بڕگەدا دەخرێنەڕوو.

## دەرئەنجامەکان

•قەیرانی ئابوریی لە هەرێمی کوردستاندا هۆکاری دەرەکیی و ناوخۆیی هەیە. لە ئاستی دەرەکییدا، پاشکۆیەتیی، دابەزینی نرخی نەوت، جەنگی دژی داعش و تیرۆر و فشاری کۆچبەران هۆکاری گرنگ بون لە زۆربونی خەرجییە گشتیەکان و قەرزاریی و خراپبونی کوالتی خزمەتگوزارییەکان. بەڵام نەبونی پلانێکی ئابوری گونجاو و هەڵەکردن لە ستراتیجی گەشە و گەشەسەندن لە هەرێمی کوردستاندا هۆکاری گرنگی قەیرانەکەیە.

•گەورەیی و زۆری خەرجیی بەکارخستن و سیاسەتی نەوت لە ریزی ئەو هەڵە ستراتیجییانە کە بەشدارن لە دروستبونی قەیرانی ئابورییدا لە 2014ەوە.

•ئابوریی هەرێم بوژانەوەیەکی رێژەیی لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیی و خانوبەرە بەخۆیەوە بینیوە. کەرتی پیشەسازیی لە دوای 2003وە گەشەیەکی گەورەی کردوە. بۆ نمونە، ژمارەی پرۆژە پیشەسازییەکان لە پێش 2003 لە 547 پرۆژەوە بووە بە زیاتر لە (10000) پرۆژە. بەڵام ئەم بوژانەوەیە پچڕپچڕە لە لایەک و کورتبوەتەوە لە کارگەکانی چیمەنتۆدا کە پشکێکی گەورەیان داگیر کردووە لە لایەکەی ترەوە.

•بەرنامە چاکسازییەکانی ێندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی ناکرێت وەک خۆیان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن لەبەر بونی تایبەتمەندیی ئابوریی لە هەرێمدا، بەڵام دەکرێت سود لە هەندێک بڕگەیان ببینرێت، وەک پاراستنی مافی خاوەندارێتیی.

بەرنامە و پلانی ئابوریی پێشنیارکراو بۆ روبەڕوبونەوەی قەیرانەکە

لە خوارەوە چەند پێشنیارێک بۆ روبەڕوبونەوەی قەیران و رێگەگرتن لە دوبارەبونەوەی، یان کەمکردنەوەی توندییەکەی دەخرێنەڕوو، کە هاوکات دەریدەخەن لە زۆر بواردا لە بەرنامەکانی بانکی نێودەوڵەتیی و سندوقی نەختی نێودەوڵەتیی جیاوازن. وەک دەبینیت، سەرنجی توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە نە لەسەر کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەرانە و نە لەسەر بەتایبەتکردنە.

•حکومەت موڵکی هەموانە. لە بری حزب، دەبێت دامەزراوەی خوڵقێنەری سەربەخۆ دروست بکرێت، بتوانێت خزمەتی سەرچاوەی مرۆیی بکات و سود لە تواناکانیشیان وەربگرن، وزە و کاتەکانیان ئاراستەی بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاریی و داهێنان بکەن. پێکهێنانی کابینەیەکی پرۆفیشناڵی شەفافی متمانەپێکراو بەردی بناغەی خۆپاراستنە لە دوبارەبونەوەی قەیرانی قوڵ و پێش پرۆسەی بەتایبەتکردن دەکەوێت، دەنا پرۆسەی بەتایبەتکردن شکست دەهێنێت و کۆمەڵێکی کەم سودی لێ دەبینن. حکومەتی باش و تەکنۆکرات لە هەموو ئاستەکاندا، نەک تەنیا لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران، لە بری حکومەتێکی بیرۆکراتخواز هەنگاوی یەکەمی چاکسازییە. حکومەتی باش خاوەنی هێزی کارامەی بەتوانایە، رۆتینی کەمە، گەندەڵیی زاڵ نییە بەسەریدا، شەفافە، بە دیموکراتیی بریار دروست دەکات و هانی کارمەندان دەدات خزمەت بکەن و تێبکۆشن.

•سیستمی موچە لە حکومەتدا مەترسیی تێدایە. ئەم سیستمە مەرکەزییە، جیاوازیی ناکات لەگەڵ باش و خراپ. پێویستە ستاندارێک هەبێت، بەڵام دواتر لە ئاستی خوارەوە رێژەیەک دەستەڵاتی دیاریکردنی موچە بدرێت بە دەست بەرێوەبەرەکان بەپێی هەلومەرجی دەزگاکەی یان بەشەکەی. هەروەها، ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ کارمەندان بکرێت و ئەنجامەکەی لەسەر گرێبەستەکانیان رەنگبداتەوە تا جیاوازیی بکرێت لەنێوان کەسی لێهاتوو و کەسی کەمتەرخەمدا.

•هاندانی فەرمانبەران بەجێهێشتنی کەرتی گشتیی هەنگاوێکی گرنگە. پێدانی پاداشت بۆ ئەوانەی جێی دەهێڵن، رێکخستنی ژینگەی کاری کەرتی تایبەت و نافەرمیی لە رێی یاسای کار (وەک چاودێریکردنی دەرنەکردنی کارمەند بەبێ هۆ، مرونەی کارکردن، کەمکردنەوەی کاتی کارکردن بۆ 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، خانەنشینی، بیمەی تەندروستی) هاندەری گونجاون. بەڵام دەبێت ئەم سیاسەتە تا ئەو شوێنە نەبێت کە کەرتی گشتیی خاڵیی بکاتەوە لە دەستی کاری کارامە.

•دارشتنی پلانێکی ئابوری ماوە مامناوەند و درێژخایەن کە لە دوو ساڵ بۆ زیاتر لە پێنج ساڵ پێکهاتبێت.

•پلانی درێژخایەن دوو کەرەستەی دەوێت. یەکەمیان کۆکردنەوەی زانیارییە. تا ئەمڕۆ، زانیاریی لەسەر کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ((GDP)، رێژەی بێکاریی، قەرزاریی، بێبازاریی، ئاستی کرێ و زۆر گۆڕاوی تری ئابوریی لەبەردەستدا نییە. ئەم زانیاریی و داتایانە پێویستە بەردەوام ئەپدەیت بکرێنەوە و بخرێنەڕوو تا پلانی لەسەر دابنرێت. دووەم، توانای پێشبینیکردن بۆ نرخی نەوت و داهاتی حکومەت بەهێزبکرێت بە دامەزراندنی دەزگای تایبەت کە لەلایەن کەسانی پرۆفیشناڵ و بە یارمەتی پرۆگرامە نوێیەکانی کۆمپیوتەر لە بواری ئامار و ئابورییدا بەرێوە ببرێت. بەبێ پێشبینییەکی دروستی داهات، هیچ پلانێک سەرکەوتوو نابێت، چونکە ئەگەر نەزانرێت داهات چەند دەبێت، نازانرێت چەند خەرج بکرێت و لەسەر چیی بوارێک خەرج بکرێت. بۆیە پێویستە بودجە لەلایەک شەفاف و لەلایەکەی ترەوە لە کاتی خۆیدا خەمڵاندنی بۆ بکرێت.

•چارەسەری قەرزاریی لەنێوان حکومەت و خەڵک و کەرتی تایبەتدا هەنگاوێکی گرنگە. دەکرێت بەشێک لە قەرزەکە پاکتاو بکرێت لە نێوانیاندا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

•پێویستە داهاتی حکومەت دوای ڕێکخستنەوەی موچەی فەرمانبەران بۆ بواری وەبەرهێنان زیادبکرێت، کە دەبێت لەسەر ژێرخانی ئابوریی بێت، چونکە کەرتی تایبەت ناتوانێت بچێتە ئەم بوارەوە بەو هۆیەوە تێچوی زۆرە. گەشەی ژێرخانی ئابوریی وادەکات کەرتی تایبەتیش گەشە بکات.

•دەکرێت حکومەتی هەرێم لە بەشێکی دیکە لە کەرتی پیشەسازیی پاشەکشە بکات. بۆ نمونە، کارگەی ڕستن و چنینی سلێمانی لە کارکەوتووە کە لە کاتێکدا دەکرێت بدرێت بە کەرتی تایبەت. زیادبونی ڕۆڵی کەرتی تایبەت باج بۆ حکومەت دەهێنێتەوە. ئەم هەنگاوە لێکۆڵینەوەی وردی پێویستە لەلایەن وەزارەتی پیشەسازییەوە یان زانکۆکانەوە.

•بە ئەلەکترۆنیکردنی سیستمی دارایی یارمەتیدەری گەشەی ئابوری دەبێت بە مەرجێک لە ژێر چاودێری وردی بانکی ناوەندیی و میدیا و حکومەتدا بۆ بەرژەوەندیی زۆرینە کار بکات.

•زیادکردنی خەرجیی بۆ ژێرخان بێگومان دەبێت لەسەر حسابی کەرتی دیکە بێت، چونکە سەرچاوەکان دەگمەنن. دەکرێت خەرجیی سەربازیی و سیادیی کەم بکرێتەوە.

•بەخشینی موڵک بە جوتیاران، یان دڵنیاکردنیان کە بۆ ماوەی (10) ساڵی ئاینده هیچ کەس زەویەکانیان لێ وەرناگرێتەوە. هاوکات هاندانیان بە وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ لە بری دروستکردنی باغ و باغاتی خێزانیی. هاوتەریب بەمە، دابینکردنی ئاو و بەنداو و کەرەستەی کشتوکاڵیی یارمەتیدەر دەبن لە بوژانەوەی کشتوکاڵدا.

•باج لاوازە، ئەبێت باج دابنرێت تا بەرخۆریزم کەم ببێتەوە، تا خەڵک زیاتر چاودێر بێت بەسەر حکومەتەوەو بەلێرم بەشێوەی هەڵکشان بێت و لەسەر دەوڵەمەندەکان زیاتر دابنرێت.

•سەبارەت بە داگرتنی نرخی کاڵا و خزمەتگوزاریی، سیاسەتێکە سەرکەوتوو نابێت چونکە کات و تێچوی زۆرە.

•گرنگە سود لە سامانی نەوتیی ببینرێت و داهاتەکەی بۆ وەبەرهێنان بێت تا نەوەکانی ئایندەش لێی بێ بەش نەبن.

•هەتا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان بە عێراقەوە بەسترابێت، پێویستە حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی و پەرلەمان خۆیان لە کێشەی سیاسیی و ئابوریی لەگەڵ عێراق بپارێزن. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی بواربدرێت مافی فەرمانبەران و خەڵکی هەرێم پێشێل بکرێت. لە ئێستا و ئاییندەدا، بەهێزکردنی متمانە لەگەڵ عێراقدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەی ئابوریی هەرێم و خۆپاراستن لە قەیران.

•سیاسەتی دارایی هەرێم سەربەخۆیی زیاتری بۆ وەربگیرێت لە عێراق، بەتایبەت لە پاشەکەوت و خەرجیی و باجدا. بەتایبەت کە بەشێکی گەورە لە ئابورییەکە بە خەرجی بەکاربەران (فەرمانبەران)ەوە بەندە، بۆ هەرێم گرنگە کە پاشەکەوتی بەشی سێ مانگ (90 ڕۆژ)ی موچەی هەبێت.

•هەرێمی کوردستان دەبێت هەوڵبدات سەربەخۆیی زیاتری هەبێت لە سیاسەتی نەختینەییدا، یان ڕۆڵی هەبێت لە داڕشتنی سیاسەتی نەختینەیی عێراقدا بەشێوەیەک لە کاتی قەیراندا بانکی ناوەندیی عێراق هاوکاریی بکات، وەک وەرگرتنی ڕەزامەندی قەرز لە دونیای دەرەوە. هاوکات، دەرکردن و فرۆشتنی کاغەزی دارایی (قەواڵە) و ڕێکخستنی بانکەکان و چاودێریکردنیان، بەشداری لە دیاریکردنی ڕێژەی سود(فائدە) بەپێی هەلومەرجی ئابوریی و سیاسیی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دانانی ڕێژەی یەدەگی بانکەکان لە بانکی ناوەندیی هەرێم دەکرێت چەند داخوازییەکی دیکە بن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

## سەرچاوەکان

### English:

1- Akerlof ،George A. ،and Shiller ،Robert J. (2009)،Animal Spirits: How Human Psychology Drives the Economy ،and why it Matters for Global Capitalism ،Princeton University Press.
2- Ali ،Sanger (21 Sep.2016 ،)،Unemployment rises to 14 percent in Kurdistan: planning ministry ،
3- http://www.kurdistan24.net/en/economy/02565ef4-cb84-4991-a160-93fb094573a8/Unemployment-rises-to-14-percent-in-Kurdistan--Planning-Ministry
4- Cammett ،Melani et. al. (2015)،A Political Economy of the Middle East ،fourth edition ،Routledge ، New York.،
5- Ayres ،Crystal (Jul 232018 ،) 17 ،big advantages and disadvantages of FDI. https://connectusfund.org/17-big-advantages-and-disadvantages-of-foreign-direct-investment
6- Friedman ،Milton and D. Friedman ،rose (1990)،Free to Choose: A Personal Statement ،HBJ ، Harcourt Brace Jovanovich.
7- Galbraith ،John Kenneth (1998)،The Affluent Society ،Penguin Books ،New edition.
8- Galbraith ،John Kenneth (1975)،The Great Crash 1929 ،Penguin Books.
9- Goran ،Baxtiyar (Feb. 62016 ،)،KRG reduces employees’ salary ، http://www.kurdistan24.net/en/news/26f54ade-997e-4a37-9e49-17c7087f180b/krg-reduces-employees%E2%80%99-salary
10- Amadeo ،Kimberly ،Economic Growth ،Its Measurements ،Causes ،and Effects ،The Balance ،April 22،2019. https://www.thebalance.com/what-is-economic-growth-3306014
11- Kurdistan Region ،Board of Investment ،licensed projects: http://www.boi.gov.krd/licensed_projects.html
12-KRG(2011) ،Ministry of Planning ،Regional Development Strategy for Kurdistan Region 2012-2016 ،Erbil. http://www.mop.krg.org/resources/MoP%20Files/PDF%20Files/gd_ps/regional_development_strategy.pdf
13-Pring ،Coralie KRI: Overview of corruption and anti-corruption ،U4 Expert Answer:2015 ، https://www.u4.no/publications/kurdistan-region-of-iraq-overview-of-corruption-and-anti-corruption.pdf
14-Konadu-Agyemang ،Kwadwo and Shabaya ،Judith ،‘What has Corruption Got to do with it? Understanding the Persistence of Rural-Urban and Inter-Regional Inequalities in Ghana and Zimbabwe’ ،GeoJournal ،Vol. 62 ،No. 1 ،(2005)،p131. http://0-ejscontent.ebsco.com.lib.exeter.ac.uk
15-Manis ،Athanasios(2016) ،Averting an Economic Meltdown in the Kurdistan Region of Iraq ، Middle East Research Institute (MERI) ،Erbil ،Kurdistan Region. http://www.meri-k.org/wp-content/uploads/2016/07/Averting-an-Economic-Meltdown-in-the-Kurdistan-Region-of-Iraq-Aligning-Political-Objectives-with-Economic-Necessities.pdf
16-OPEC Annual Statistical Bulletin ،OPEC ،2018 ،table 1.1 ،p.8


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

http://www.thegulfintelligence.com/mediafiles/downloadfile/4833753a-f159-46f2-8dc0-f2335344ebe6.pdf

17-Principles of Economics ،BCcampus ،available on: www.opentextbc.ac/principlesofeconomics/chapter

18-Reinhart ،Carmen M. ،and Rogoff ،Kenneth S. (2009)،The Second Great Contraction ،A Princeton shorts selection from This Time is Different.

19-Rodrik،Dani ،TheNation-State Reborn ،available at: https://www.project-syndicate.org/commentary/the-nation-state-reborn?barrier=accesspaylog

20-Poverty rate in Kurdistan Region quadrupled to 15 percent(28/12/2016) ،official ،Rudaw ، http://www.rudaw.net/english/kurdistan/281220162

21-Regional Development Strategy for Kurdistan Region (2013-2017) ،Kurdistan Regional Government ،Ministry of Planning ،Erbil ،July 2012.
http://www.mop.gov.krd/resources/Strategic%20Plan/PDF/Regional%20Development%20Strategy%20for%20Kurdistan%20Region%202013-2017.pdf

22-Stiglitz ،Joseph (2010) ،Freefall: Free Markets and the Sinking of the Global Economy ،Allen Lane ،Penguin Books.

23-Snow ،Andrew(9 May2018 ،) ،Kurdistan Region's Debt Crisis.
https://www.usip.org/publications/2018/05/kurdistan-regions-debt-crisis-threatens-iraqs-economy

24-Shah ،Anup(March 242013 ،) ،Structural Adjustment—a Major Cause of Poverty.
http://www.globalissues.org/article/3/structural-adjustment-a-major-cause-of-poverty

25-The Balance ،Expansionary Monetary Policy ،available at:
www.thebalance.com/expansionary-monetary-policy-definition

26-World Bank(15 April2015 ،) ،The Kurdistan Region of Iraq: Assessing the Economic and Social Impact of the Syrian Conflict and ISI.
https://reliefweb.int/report/iraq/kurdistan-region-iraq-assessing-economic-and-social-impact-syrian-conflict-and-isis

27-What Is An Economic Crisis? Definition and Examples ،Market Business News ، https://marketbusinessnews.com/financial-glossary/economic-crisis/

**عەرەبییەکان**

1- الفياچ، عباس ، قچايا اقتيّاديه معايّره، الرِيّلاحات الرِقتيّاديه فى البلدان الناميه،بحپ منشور فى انترنيت، www.iier.org، 2009.
2- الحمش، د. منير ، الايّلاح الاقتيّادى، گ1، دارالرچا للنشر، سوريا، دمشق، 2003.
3- النجفى، د. سالم توفيق ، د. داود سليمان سلگان، متچمنات برامج الرِيّلاح الرِقتيّادى والفقر فى البلدان الناميه، مجله بحوپ اقتيّاديه عربيه، العدد 47، ێيف 2009.
4- حمه، د.كامران احمد، ايّلاح النقم الاقتيّاديه تجارب معايّره و امكانيه الاستفاده منها فى الاقتيّاد العراقى، گ1، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه، 2013).
5- گاقه، محمد، الخيّخيّه بين القبول الفكرى والتبنى الژرائعى، وقائع الندوه العلميه المشتركه بين جمعيه الاقتيّاديين العراقيين وبرنامج الامم المتحده الانمائى، بغداد، شباگ، 1994.
6- جامعه الدول العربيه، المنقمه العربيه للتنميه الزراعيه، استشراف ێوره الزراعه العربيه لعام 2000 تحت مشاهد بديله، مگبعه المنقمه، الخرگوم، 1994.
7- محمد، حشماوى، الرِتجاهات الجديده للتجاره الدوليه فى قل العولمه الرِقتيّاديه، اگروحه دكتورا فى الرِقتيّاد غير منشوره، كليه العلوم الرِقتيّاديه وعلوم التسيير، جامعه الجزائر، 2006.

8- نوير، د. گارق احمد: "اختلاف بيانات الاستپمار الاجنبى المباشر فى مێر وسياسات معالجه الاختلاف" ، مركز المعلومات ودعم اتخاژ القرار، مجلس الوزراء، القاهره، آب، 2003.
9- الحسينى، عبير محمد جاسم، العلاقه بين مێادر التمويل للڕستپمار و الڕعتماد على تدفق راس المال الجنبى لبلدان مختاره 1980-1995، رساله ماجستير غير منشوره، جامعه بغداد، 1999.
10- قادر، احمد اسماعيل، تحليل تجارب دوليه مختاره فى الخێخێه مع التركيز على تحليل و تقييم عمليات خێخێه القگاع الێناعى فى اقليم كوردستان العراق للمده ( 1997 – 2008 )، رساله ماجستير مقدمه الى كليه الڕداره و الڕقتێاد، جامعه السليمانيه، غير منشوره، 2009.

**التقارير:**

1- البنک الدولی، إێلاحات اقتێاديه ستساعد على تحقيق النمو المستدام والاشتمالى فى إقليم كردستان العراق، 2016/5/30.
http://www.albankaldawli.org/ar/news/press-release/2016/05/30/economic-reforms-will-help-achieve-sustainable-and-inclusive-growth-in-the-kurdistan-region-of-iraq
2- تقرير مسح القوى العامله فى اقليم كوردستان (2012)، حكومه اقليم كوردستان، وزارەت التخگيگ، هيئه احێاء الاقليم كوردستان،منڤمه رند.
3- مركز دراسات الوحده العربيه، الاێلاحات الاقتێاديه وسياسات الخێخێه فى البلدان العربيه، بيروت، 1999.

**چاوپێکەوتن و راپۆرت بەزمانی کوردیی**

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیای سامسۆنگ و کۆمپانیای هوما بۆ گەشت و بازرگانی، بەرواری 2014/2/27. بەپێی چاوپێکەوتنەکەی هوما، نرخی سەفەرکردن بۆ ئەڵمانیا لە ماوەی یەک کاتژمێردا بۆ دایک و منداڵێک لە ($380)ەوە بەرزکردەوە بۆ ($1020).
2- حکومەتی هەرێم، وەزارەتی پلاندانان، راپۆرتی بەدواداچونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان (2012).
3- دەستەی ئاماری هەرێم، بڕوانە پەرەی سەرەکی لەم بەستەرەیەدا کە تیایدا بەرهەمی ناوخۆ بە (20) ملیار دۆلار خەمڵێنراوەو دابەشی سەر (4،500،000) هاونیشتیمانی بکە لە هەرێمدا: http://www.krso.net/
4- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، روپێوی تۆڕی زانیاری عێراق (2012)، کورتەی راپۆرت، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستةي ئاماري هةرێمي کوردستان.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.5